

کۆتایی مێژوو
تێڕوانینی ماركس و هیگڵ و نیچه بۆ مێژوو

هنری لوفیفر

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: جەلال حەمید

کۆتایی مێژوو
لە بلاّوکراوەکانی کۆماری سوریای عەرەبی
دیمەشق 2002
ناوی کتێب– کۆتایی مێژوو
نووسینی– هنری لوفیفر
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی– فاتمە الجیوشی
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە

ئاگادارکردنەوە

-1-

ئەم کتێبە کاری فەیلەسووف نیە هەرچەندە هەندێ تێڕوانینی فەلسەفی (هەروەها رەخنەی دوابەدوای فەلسەفە (Meta philosophie)ی گرتۆتە خۆ وهەروەها ئەمە کاری زانایەکی کۆمەڵناس نییە کەپێداگری لە سەر زانستی کۆمەڵناسی بکاتو کاری مێژوونووسی نیە لەبەر ئەوەی نووسەرەکەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامداوە بەر لەوەی ڕێگە بەخۆی بدات مێژوو وەك پرسیار ئاراستە بکات.

ئایا ئەم کتێبە ڕێگەی ئەوە نادات پۆلێن بکرێت؟ حەوسەڵەی ئەم گوتەیە قورسیو ئاستەنگە! بەڵام بۆ هەر لەسەرەتاوە دانبەوە نەنێین کە ئەم کتێبە لەچوارچێوەی کاری زەینی بەدەرە هەروەك چۆن لەتوێی بیری نەویو بۆ دەزگا ڕۆشنبیرییەکان دامەزرا؟ چاکتر وایە ئاگادارین.

ئەوەتا ئاگادارکراینەوە. ئایا پێگەی ئەم کارە ناتوانرێ دیاریکرێ؟

بەهیچ شێوەیەك! دەکەوێتە سەر هێڵی بەرزی نێوان دوو سەرەو لێژە: فەلسەفەو مێژوو. سۆسیۆلۆژی لەگەڕاندا بۆ دەستەبەرکردنی. پێویستە ئەوە بێنینەوە یاد کە کارەکانی هیگڵو مارکسو نیمچە کە دەبنە خاڵی دەرهاویشتن بۆ گەشتێکی ماندووکار بەگوێرەی دابەشکردنە بنڕکەرەوەکان ناچنە بۆتەی چوارچێوە دیاریکراوەکانەوە. هێگڵ لەسەر بنەمای کەسێکی ئینسیکلۆپیدی بیری دەکردەوەو کارەکانی مارکس ناتوانرێ لەتوێی ئەم جۆرە دابەشکردنە پەنگبخوات: فەلسەفە، ئابوری ڕامیاری، مێژوو، کۆمەڵناسیو هتد. بەڵام سەبارەت نیمچە ویستیان وەك شاعیر باسی لێوە بکەنو لەڕووی فەلسەفی یاخود زانستیەوە فەرامۆشی بکەنو ئەوەش دەزانین کە ئەو دواین فەیلەسووفی ئەوروپییەو لەگەڵ مارکس نەوەیەکیان دامەزراند کە ناتوانرێ پێناسەکرێ نە لەڕێگەی فەلسەفەی کلاسیکیونە لەڕێگەی زانستی پۆلینکاریی شەوە. ئایا لەساڵی 1968 خوێندکارەکان بەگوێرەی ڕووەکانی دی کۆمەڵو جیهانی ئەوسا دابەشکردنی کاری بەروالّەت تەکنیکیان ڕەتنەکردەوە کە لەڕاستیدا دابەشکردنێکی کۆمەڵایەتی بوو واتا بەهۆی بازاڕو داخوازییەکانی دیاریکرابوو تەنانەت لەبواری زەینیو عەقڵیشدا؟

ئاوێتەیەکی دووپاتنەکراو لە لێکهەڵوەشاندنەوەی تایبەتمەندیو ئینسکلوپیدیاییەکی ناتەواو تەنها جێگەی ڕەزامەندی سەرۆکی دەزگا فەرهەنگیەکانە. بیر لە ئەوروپاو فەرەنساو تەنها هۆشی (تاك یاخود بەکۆمەڵ) ڕەهەند گەلێکی دەپاراستو ئەم بیرو ئەم هۆشە. الوعی– جیاواز بوو لەبیرو هۆشی وولاّتانی دی وبەتایبەتی لەبیری وەرگیەڕاو بۆ ڕەهەندی ئەزموندار کە تەنها جەخت لە گوازتنەوەی واقیع دەکات. سێ ڕەهەند کایەی فەلسەفیو کایەی مێژوویو پراکتیکی پێشکەش دەکاتو شێوەی بیری ئەوروپیو ئاگایی ئاڵۆزی خۆی هەیە. دووکایەکەی یەکەم فەلسەفیو مێژوویی، ئامانجو هەڵگری کایەیەکی ڕەخنەیین.لەڕوانگەی ئێمەو ئەوروپیەکانەوە مەعریفە بێ تێوریو (چەمکە قوولّکراوەکان)و ڕەخنە لەکاری تەواوبوو نیەو پەیرەوکاری ناتوانرێ وێنابکرێو هەروەها ناشتوانرێ دەستەبەرکرێ بەبێ گرێدان بەم بیرکردنەوەیەو ئەوەشی بلاّودەبێتەوە پراکتیکی– ڕەخنەیی نەك پراگماتیو پۆزیتیڤیسمی (دۆخگەرایی).

بەڵام ئەم ڕەوشە تاکوکەی بەردەوام دەبێ؟

چینی کرێکار لەمیان کارو ئاگایی بیری ڕەخنەییو مێژوویی دەسنیشان کراوەو بەشێوازە بەهێزو جیانەکراوەکەی بەردەوام دەبێ؟

چینی کرێکار لەمیان کارەو ئاگایی بیری رەخنەیی‌و میژوویی دەستنیشان کراوەو بەشێوازە بەهێزو جیانەکراوەکەی خاوەنی رەهەندی میژوویی (گەرانەوە بۆ شۆرشەکان)و رەهەندی نێگەتیڤە ئایا خاوەن ئاگایی چینایەتیە بەواتای ئاگایی خودی دابڕاو نەیار لەگەڵ ئاگایی خودی بۆ رژوایی بە سیفەتی بوونی وەکو چین؟

نەخێر بە تەواوی نا چوونکە خودی بۆ رژوایی بە سیفەتی بوونی وەکو چین؟

نەخێر بەتەواوی نا چوونکە خودی بۆ رژوایی ناتوانێ بەئاسانی لەرابردوو ولە نەزعەی رەخنەییش رزگاری بێت بە ئەندازەی مانەوەی ئەو-میرات-ەی کە هێشتا لەبۆتەی سروتی یادەوەرییەکانو رۆمانەکانو (ناوجەرگەی رۆشنبیری) نەکەوتۆتە خوار. لەمیان ئاگایی پرۆلیتاریو هەروەك لەمیان ئاگایی بۆ رژواییدا جیاوازی لەبوونی پێداگری هەیە پتر لەو جیاوازییەی کە لە- ماهیەت- یان لە- کایەکاندا (الأبعاد- هەبێ بەڵام لە سۆنگەی ئەم- کەلتورە- ئەوروپیە قەیرانو هەڕەشەیەك هەیە لەدەوروبەری ئەم کایانەدا دەسوڕێنەوەو هەوڵی بچووکردنەوەو ساناکردنی دەرهاویشتەکانی ئەو هەڕەشەیە دەدەن.

تاکە خەمی گەشەی ئابووری رۆڵی ئایدۆلۆجیایەکی بەزێنەر دەگێڕێ هەروەك بەراییەتی بەخشراو دەگەڕێتەوە بۆ کایەی چەندایەتی تەنانەت لەداخوازییەکانی کرێکارانو روانینەکانیان. تەکنیك‌و پشتگیری کۆمەڵایەتی بەهۆی گرنگیانەوە لەڕووی تەکنۆکراتی و بیرۆکراسیەتەوە پێکەوە گوشار دەخەنە سەر ئەو هۆکارانەی کە وەڕزیان دەکەن.

هەندێ جار وا گریمانە دەکرێ کە ئەم ناوەندە کۆمەڵایەتی‌و تەکنیکی‌و تەکنۆکراتیە لەسایەی ووشەیەکدا- بوونیادی تەکنیکی- ئەشێ رۆڵێکی میژوویی بگێڕێ.

گەر کارەکە بەو جۆرە بێ ئەوا لەسەر ئەستۆی میژوو تەواو دەکرێ‌و ئاگایی میژوویی گرفت بۆ ئەم کەسانە دروست دەکات چوونکە بەشێوەیەکی تایبەت نامۆیە پێیان.


هیگڵ

ئاگایی- تاکڕەو یاخود کۆمەڵایەتی- لەئەوروپا بێ بوونی چەند نیشانەیەك پەی پێنابرێ‌و وێناکرێ‌و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی میژوویی. کارەکە لە ناوچەیەکی جیهاندا چۆن لەم روانینە دوور دەبێ کە لەڕووی کەلتوورییەوە دوو هەزار ساڵ لەبیرەوەری‌و داستانە شۆڕشگێڕییەکانی لای خۆی هەڵگرتووە؟ ئەمەش دەوڵەمەندییەکی سەرکەوتووانەیە.

هەموو ئەوانەی لەفەڕەنسان دەزانن‌و هەست دەکەن کە عەقڵی فەلسەفی لەو هەستە رەخنەییە تەندروستەی کە دیکارت دیاریکرد زیاتر نزیك دەبێت وەك لەپاساوی دەوڵەت‌و زەینی براگماتی، ئایا ئەو پاڵنەرانە کتوپڕ سەرسامان ناکەن کە لەهەریەك لە ئەڵمانیاو فەرەنساداو ووزەی بەبزووتنەوەی خوێندکاری بەخشی‌و رێگەی بۆ

تێپەڕاندنی ئامانجە سنووردارەکان خۆشکرد بەوەی کە لەنێو کۆمەڵێکی بچووکراوەی پەراوێزکراودا پەنگ نەخوات‌و هەڵی ئەوەی بۆ ڕەخساند کە تەواو کۆمەڵ ڕەتکاتەوە؟ بەڵێ، بەڵام بۆ ماوەی چەنێك؟

هێڵی ئەمەریکی لە (ئایدیولوجیای بەرهەمهێنان، ئەزموونگەری‌و پوزیتیڤیزم‌و براگماتی) ئاگایی لەناو دەبات‌و کاڵی دەکاتەوە‌و هەروەك بیریشی والێدەکات‌و هێزی ئایدیۆلۆجی دەوڵەت کە لەهەموو شوێنێکدا بەکاردەهێنرێ بەبێ چەواشەکردنی فەلسەفەو پەیکەرە یادگارە میژوویەکان بەشداری داڕووخان دەکات. فەلسەفەو میژوو کەوتنە نێو پلەی کەرەستە ئایدیۆلۆجیەکان‌و دووچاری تێکشان بوون.

ئەم گوشارەی سەر کایەکانی ئاگایی‌و مەعریفەو کەلتوور لەمەودوا بەبێ زیان تەواو ناکرێن. چەڕە دوکەڵێکی ئایدیۆلۆجیانەی چڕوپڕ بەسەر ئەو بوارانەی کە تووشی تێکشان بوون بلاوەدەبێتەوەو میژوو هەڵوەستەی دەکات لەئاست بلاوکردنەوەی مەسەلە ئاشکراکان‌و بۆ بەرژەوەندی ئۆپیراسیۆنە تاکتیکیەکان دەخرێتە گەڕ. لەکاتێکدا کە میژووو مەعریفە دەبوو ئایدیۆلۆجیاکان لەپرۆژە بەراییەکان دووربخەنەوە (مارکس) دەڕوانین خوودی میژوو بەرەو ئایدیۆاۆجیا دەگوازێتەوە. ئاخۆ ناڕوانە ئەو ڕادەیەیەی کە دووبارە میژوو بنووسنەوە، زۆرجار لەڕێگەی ڕووانینی ئێستا واتە لەڕێگەی تێڕوانین لەستایشکردنی دەسەلاتێك یان دەسەلاتێکی دی هەنووکە؟

بەڵام فەلسەفە بەهیچ جۆرێك لەدوورکەوتنەوەی ئایدیۆلۆجیادا سەرنەکەوت.

ئایا ئەمە بەراستی تەموحی ئەوبوو؟ کەمن ئەو فۆرمەلانەی کە لەڕادەی دزێوکارییەکانیان بگەنە ئاست دزێوکاری ئەو فۆرمەلەیەی کە باس لە (کۆتایی ئایدیۆلۆجیاکان دەکات) و مەبەستەکەیشی وەك دەسکەوتێك دەخاتەڕوو. (بڕوانە دانییەل بێڵ D. Bell لەمەڕ بەسایەتی بیرۆکە رامیارییەکانی پەنجاکان- کۆتایی ئایدیۆلۆجیا) لەراستیدا ئەوەی ڕوویدا لیکدژیەتی. زانستە هەرە ووردکارەکان دەڕژێنە نێو ئایدیۆلۆجیاکان بە ئەندازەی ئەوەی کە مەعریفە دابەشکراوەکان دەبنە هۆکاری دروستبوونی ڕوونکردنەوەکان بەجۆرێك کە ووردکاری لەمیان مەعریفەیەکی بەش بەش کراو پێویستی بە ڕوونکردنەوەی گشتی دەبێت‌و دواتریش پێویستی بەفەلسەفە یاخود وەهمێك دەبێت‌و خوودی کردارەکە بەرەو ئایدیۆلۆجیا خۆی ڕادەگوێزی: گوزارەیی- الخبریە- و پوزەیتیڤزمی لوجیکی‌و بوونیاتگەریش ئایدیۆلۆجیان. ئایدیۆلۆجیایەك نین کەنەمابن بەڵکو ئایدیۆلۆجیای نوێ وتازەن وسەردەکەونە ئاسۆ.

گوشار خستنەسەر ئاگایی میژووبی (وجەخت دەکاتە سەر کایەی ووردبینانەی ڕۆشنبیری‌و مەعریفەی چوارچێوەی میژووبی) قەیران لەبیری میژووبی دروست دەکات.

دەتوانین لەمیان نووسینی میژوونووسان‌و ئەو مشتومڕانەی کە سەبارەت کەمکردنەوەی ئیشکالیەتی میژووبی لە ماوەی سەدەیەك ئەنجام دراون، پەی بە ئاماژەگەلی ئەم قەیرانە بەرین.

هەرچەنێ ئەم ئیشکالیەتە بەرتەسکە میژوونووس ئەوەندە بڕوا بە تۆکمەیی کارەکەی‌و تێکەڵی مەعریفەکەی لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا دەکات‌و هەروەك سەلماندنەکانی ئەو قەیرانە لەکتێبە هاوچەرخە تایبەت بەئیستمۆلۆجیاکاندا هەیەو میژوو لەم بارەیە پشکێکی کەمی بەردەکەوێ کە بەپشکی خزمەتکار نەك پشکی شێر هەژمار دەکرێ‌و لە بۆچوونەکانیان دەگەنە ڕادەی ڕەتکردنەوەی ڕەوشە تیۆرییەکەی (ڕەوشی ئیستمۆلۆجی)‌و ئەو پێگە سەنگینەی کە تاکوو ئێستا لەمیان- ڕێکخراوی مەعریفی- داخوازی دەکرێ.سەیرورەی بێ گەڕانەوە ڕوودەکاتە گرژبوونەوەی میژووگەری‌و میژوو لەناوەوەو دەرەوە بەشێوەیەکی پراکتیکی‌و تیۆری‌و لەبەرژەوەندی ئەو سەیرورەیە چەند گۆڕاکارییەکی سەیرو ترسێنەر بەرپادەکات‌و کەرەستە گەلێك شوێنی مەبەستەکانی زانستی میژوو و بەرتەمایی میتۆدوبیری ڕەخنەیی دەگرێتەوەو هەروەها بەرژەوەندی‌و مەبەستگەلێکی دیش شوێنیان دەگرێتەوە. بۆیە تیۆری- پوخت- وئاشکراکراو لەڕێگەی هێزێکی گەورەترەوە

بەشێوەیەکی فریوبەرتر لەرابردوو بەکار دەهێنرێ‌و لەرووی راستیەوە دووچاری پیلان دەبێت. بیرۆکەکان خزمەت پێشکەش دەکەن. خزمەتی کێ دەکەن‌و چۆن؟ ئایا بریتین لە ستراتیجگەلی بە ئاگا؟ شێوەکانی پاوانخوازی؟و بیرۆکەکان بێگەردی خۆیان لەدەست دەدەن‌و دەبنە گرێ کوێرەی مارەکان. پێویستە بەگوێرەی یاساکانی شیکردنەوەی رەخنەیی ئەم بەیەکاچوونە شیکرێتەوە.

مەبەست چییە؟ ئایا ناڕەزایی دەربڕینە؟ لایەنگری رابردوویێتی- الماچویەت مانای خۆی لەدەس دەدات‌و گەڕانەوە بۆ رابردوو کارێکی رێگەپێنەدراوە. ئارەزووی گێڕانەوەی تایبەتمەندیەك‌و تایبەتمەندی ئاگایی‌و تایبەتمەندی نموونەی جیهانێکی پاك‌و شێلگیر تەنها بە لەدەسچوونی کات دانانرێ بەڵکو هەروەها لەسەر بنەمای مەترسی دادەمەزرێ‌و ناڕەزایی دەربڕین بەناوی رابردووەوە ناتوانێ لەو بزووتنەوەیە بەرفراوانە رزگار بێت کە لەپێناوی پاکسازی رابردوو کار دەکات. گەر قبوڵکردنی بێ هوودەیی‌و بینینی مەرگی میژوو بەبێ هەستان بە بزاوتێك (گوێزانەوەی میژووگەری بۆ ئایدیۆلۆجیا بەندە بە پاکتاوکردنی) لەتوانا نەبووبێ، پێویستە هەروەها بەشێوەیەکی تایبەت پێشبینی واتاو مەبەستگەلی نوێ بکرێ. پاکسازکردنی هەریەك لەمیژووگەری‌و میژوو هەروەك فەلسەفە وەسفی دەکات کەلێنێك دروستەکات کە ئەویش کەلێنی عەدەمیەتە. مەسەلەکەشی تێپەڕاندنی عەدەمیەتە چوونکە میژوو پەیمانەکانی نەهێنایەدی‌و ئەوانیش



لەبازاڕی ئایدیۆلۆجیای جیهانی فەرامۆش دەکرێن.

پرەنسیپەکە لەرووی تەکنیکیەوە دووانەییەکەی ئاسانە:

بەرگریکردنی میژوو رووبەڕووی ئەوانەی لەناوی دەبەن‌و هێرش کردنە سەری دژ بەوانەی داکۆکی لێدەکەن. لەرووی ستراتیجیەوە پێویستە، نموونەیەکی نوێ بۆ ماقوڵێتی دیاری بکرێ. سەرەتا میژوو پێش سەدەونیوێك لەبۆتەی شکۆداری زانستێکی مەزن‌و مەعریفەیەکی بالاّ دەردەکەوێ. کاتێك کە هێگڵ بەسەنگینیەوە رایگەیاند کە خوودی میژوو ویستی ببێتە زانستێکی سەراپاگیر بۆ واقیعێکی گشتگیر. بانگەشەی دا کە خۆی نیوەندگیرو سەردارەو دەتوانێ سەبارەت تەواوی مەسەلەکان حوکم دەربڕێ‌و بەجلوبەرگە پێچاوپێچەتووندوتۆڵەکەیەوە پەیکەری زەبەلاح هەڵگرێ‌و بەرزیکاتەوەو مەشخەڵی ئاگر لەدەستێکی‌و بەوی دی شمشێر هەڵگرێ، دادپەروەری میژووەو ئازادیش هەروەها میژووە. مەعریفەت رزگارکەرە. میژوو خوودی خۆی دەناسێ بەسیفەتی ئەوەی ئالاّی ئازادیە. لەجیهانی رۆژهەلاّتدا ئازادی بەدەر لەخەڵکانی دی دەبێتە مولکی تاکە کەسێك. لەجیهانی کۆن هەندێ کەس ئازاد بوون. لەجیهانی نوێ هەموو کەسەکان ئازاد دەبن‌و زەمەن بەمجۆرە تێدەپەڕێ. وێناکردنێك دێتەپاڵی ئەم رووانینە گەشبینە گرتنەبەری ئاسانە ئەویش: تیۆری گەشەکردنە کە ئەوەندی نەبرد بووە. ئایدیۆلۆجیەتێکی بلاّوەبوو کە بەگوێرەی بالاّ لەنزمەوە پەیدا دەبێت وەك چۆن چاکترین لەخراپترین پەیدا دەبێ. لەو سەردەمە هەموو شتی لەسایەی پێشکەوتن پێشدەکەوت بەو سیفەتەی بریتییە لەئامادەکردن‌و بوونیاتنان‌و گوازتنەوە لەبچووکترین چاکە

بـەرەو باشـترین دۆخ و مـاقوولّی بـەهۆی بەردەوامیـەوە دەستنیشان دەکرا. ئیتر جیهـان لـەوساوە گۆڕانکـاری زۆری بەسـەرهات‌و مێـژوو (بـەواتا بەرفراوانەکـەی) لـەرێگـەی ترساندنە ئەفسانەییەکەی چنگێك زانستی بچووکی دانـا کـە بەگوێرەی ئـارەزوو بەزانسـتی مرۆیـی‌و کۆمەلاّیـەتی‌و هتـد وەسفبکرێ. ئەوەی رەوشـەکە ئـالّۆز دەکـات یـەکێك لـەم زانستە بچووکانە ناودەنێ مێژوو. لـەدایکی دەچـێ بـەلاّم بـە ئەندازەی بالاّی ئەو ترۆقە ناکات. هەنـدێ جـار جلوبـەرگی دایکی لـەبەر دەکات‌و هەنـدێ جـاری تـر سـیحری تایبـەتی خۆی دەنوێنێ‌و ئەمەش هەموو شتێك نییـە. کـێ ئـەو رۆژەی لـەبیر دەچێ؟ لـەکۆتایی سـەدەی نۆزدەیەمەوە جیـاوە بووەکـە سەرهەلّدەدات‌و بەکاوەخۆ هەموو بواڕەکان داگـیر دەکـات بە دەسپێکردن لە بایۆلۆجی‌و فیزیا، زمانەوانی تازە بلاّوەبـوو و جەخت لـەسەر ئەم داگیرکارییە دەکات بەپێی(ئـەوەی تـر رووبـەکی یەکلایـەنی بەربـەرەکار لـەگـەلّ لایـەنی پێشـوو دروست دەکات کاتێکە ئەو سـەردەمە پەسـەندێتی بەلایـەنی پەیوەستکار دەبەخشێ). و ئەوسا شێوەیەکی نـوێی مـاقولّێتی دێتـە پـێش: بـڕین‌و پێکهێنـان. هەلّوەشـاندن‌و دووبـارە دروستکردنەوەو بەم شێوەیە کـردەوە کـە دیـاری دەکـرێ‌و واقیـع مـاقوولّ دەکـات‌و جیابونـەوە جێگـەی گوازتنـەوە دەگرێ‌و گیرسانەوەو هاوسەنگی جێگەی سەیرورەو بوونیادو پێکهاتە جیابووەکان شوێنی گەیـەنراوەکان دەگرێتـەوە. ئـەم شـێوە هێلّکاریـە مێژوویـەی زەمـەن لـەناماقولّـدا ئامـانج دەپێکی. کەوا بوو هۆکار گەلێکی تیۆری زەمـەنی مێـژوویی رووبەڕووی هەڕەشەو گووڕەشە دەکەنەوە و ئـەم هەڕەشـەیە تەنها لـەسەر بنەمای فشاری ئایدیۆلۆجیاو دەزگاکان بۆ سـەر بـیری تیـۆری دانامـەزرێ ئێمـە ڕەچـاوی جۆرەهـا شـێوەی هێرشکاری دەکەین دژی بنچینەی- مێژووگەری- وهەروەك لـەرووبـەکی دییـەوە هـەوڵێکی بـە پـەرۆش دەبینـرێ بـۆ بەرگریکردنی یـاخود دووبـارە گێڕانـەوەی بـۆ ڕێگـرتن لـە پەرتبوونی مێژوو و پاراستنی ڕەوتی کلاسیکی بیری مێژوویی. II.

کۆتایی مێژوو؟ پێدەچێ ئەم دوشـانە پشـت بـەجیاوازی‌و تەنانەت لێکدژی ناوەکی ببەستێ. بەردەوام رووداو گـەلێك پەیدا دەبن‌و بـەردەوام رووداوێـك روو دەدات بۆیـە زەمـەن ناتوانێ کۆتایی پێبێت‌و مێـژوو و زەمـەن شانبەشـان یـەکتری دەڕۆن. هەمان بیرۆکەو هەمان واقیع دەبنە هەلّگری ئەم دوو خشتەیە.

کـەوابوو مێـژوو کۆتـایی نییـە. ئـەم پێودانگـە بانگەشـە پێدراوەی کە هەستی هاوبەش پێکیدەهێنێ پرسیارە بنەڕەتیەکە لّێل دەکات لـە سۆنگەی ئەو بینـراوەی کـە تـەنها دەبـێ بـە نەبینراو.

1-ووشـەی (مێـژوو) مانـای پـتر لـەدوابـەدوا یـەکهاتنی رووداوەکان ناگەیـەنێ‌و پەیوەندییـەکی عـەقلّی لـەنێوانیانـدا نییەو بەسـەرهاتگەلێکی بێ زنجیرەیـە. هـەموو شـتێك دەبێتـە مێژوویی یـاخود بـەو شـێوەیە دەردەکـەوێ. چـیرۆکنووس‌و مێژوونووس زیاتر شپرزە دەکات بەلاّم لای ئەوانەی کە تەنها چـیرۆك دەنووسـن گـەلێ ئاسـانتر. ئـەی رووداو؟ لـەنێوان چیرۆکی جۆراوجۆرو واقیعی جیهانی کەوانەکەی بەرفراوانتر دەبێـت. کـێ رووداوی وەسـفکراو بـەرووداوی مێـژوویی دەگۆڕێ؟ و بەپێی چی پێودانگێك؟ لەهەموو ساتێکدا شـتێك رووەدات و شـتەکەش هەلّدەوەشـێتەوە، لـەوانەیـە وەك دووکەلّ ئاسەوارێك جێبهێلّێت. لەکوێ؟ لەواقیع یاخود لـە یـادەوری؟ ئاسـەوارو زنجـیرەی ئاسـەوارەکان مێـژوو دروستناکەن.

2-کەوابوو دەتوانین مێـژوو بەزەمـەنی مێـژوویی پێناسـە بکەین. پێناسەیەکی ئەوتۆ لـەهەمان کاتدا شارراوەو بـەربلاّوە بـەلاّم دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەنجامی ئـەنجام -تحصـیل حاصـل-. هەریەك لە ئێمە دەتوانێ تێبینی چەند زەمەنێك بکات لـەواقیع وەك زەمـەنی فیزیـایی‌و زەمـەنی بـایۆلۆجی‌و زەمـەنی کۆمەلاّیـەتی‌و زەمـەنی بازنـەیی‌و نووسـراو. بەشـێوەیەکی سروشتی زەمـەنێك یـان زەمـەنێکی دی پێشـکەش دەکـەین‌و زەمەنی فیزیۆلۆجی یاخود زەمەنی رۆژانـە بەلّگەنەویسـتێکی ئاساییە. ئایا پێویست نییە لـەسەر ئەم بیرە تیۆرییە خـۆی لـەم

بەڵگەنەویستیە –بداهە– رزگاربکات؟. بەڵام میژوونووس زەمەنی میژوویی بەگوێرەی نموونەیەك دروستەدکات کە دایدەڕێژێو پێشکەشی دەکات. هەرچەندە ئەمە زەمەنێکی بنەڕەتی نییە لەگەڵ ئەوەشی بچووك دەبێتەوە بۆ ئەندێشەو لوجێکێکی پەتیو رووت. ئایا بڕیاری ئەوە بدەین کە میژوو پێناسە ناکرێ؟ یاخود پێویستە قبوڵی واقعێك یان راستی پیشەیی میژووگەری بکەین؟ یاخود پێویستە قبوڵی واقعێك یان راستی پیشەیی میژووگەری بکەین؟و ئەوەی کە هێشتا پێیدەڵێین میژووگەری ئەم جۆرە گریمانەیە بەردەوام لەتەك خۆی دەهێنیو بەجارێك وەسفی واقیعیو وەسفی راستی میژوو رەتدەکاتەوەو میژووگەری وەك بابەتی مەعریفەی زانستی رەتدەکاتەوە تەنانەت گەر رێخۆشکەر بێت بۆ

چاوپیاخشانەوەیەکی گرنگی وێناکراوە میتۆدداری پەیوەستەکانی رابردوو. میژوو ناناسێرێ تەنها لەرێگەی مەبەستەوە نەبێو بەمجۆرەو بەگوێرەی ئەوە دەبێتە خاوەن ئاراستەو مەبەست. دەستەواژەی –کۆتایی میژوو– تەنها هەڵگری واتا نییە بەڵکو میژوو ناناسێو لەم مانایە بەولاوە مانای دی هەڵناگرێ. بەتەنها مەبەست رێگە بەوێناکردنی سیفەتی میژوویی دەدات‌و بەدەر لەوە میژوو بوونی نابێ بەڵکو ئاژاوەگێڕی پەیدا دەبێو ئەمەش بەشێکی ئەم کتێبە دەبخاتە روو.

گریمان ئێمە بەپێناسێکی لاهوتی میژوومان ناساند بەسیفەتی ئەوەی جێگرەوە یان پاڵپشتکاری خواوەندێتیە بەڵام هەر وەك کۆتایی: دوایین حوکم (رۆژی قیامەت)و بەدەستهێنانی دادپەروەریو سەرکەوتنی راستی پێناسەی دەکەین. ئەو ناعەقڵانیەتەی کە بۆ سەیرورە دەگێڕدرێتەوە ناتوانرێ بیری لێ بکرێتەوە تەنها لەرێگەی ئامادەکردنی بەکەمترین رادەی عەقڵانیەت نەبێ. بەڵام عەقڵانیەت بەواتا چڕوپڕەکەی بەجیا لەلاهوتو میتافیزیکا دەتوانین گرێدەین بەزەمەنو ئەو هەروەها گریمانەی مەبەستو سنووری کۆتاییو ئامانج دەکات. عەقڵانیەتو مەبەستگەرایی لەمێژوودا تەواوکەری یەکدینو یەکتری دەناسێنن. عەقڵانیەت گرێدانی رووداوەکانو زنجیرەکردنیان دەگرێتەخۆ بەگوێرەی جۆرە هۆکار گەراییەکی بەرووالەت یاخود کارا کە لەڕووی عەقلانیەوە وێناکرێ تەنها بەگوێرەی هۆکارێکی مەبەستگەرا نەبێت. مەبەستگەرایی گریمانەی ئەوە ناکات کە ئامانج جێگیرو وێناکراوە لەهەنووکەدا بەڵکو زەمەنی سەیرورە تاکە ئاراستەیەکی کۆتاییانەی هەیە. ئاماری مەبەستەکان قابیلی وێناکردنەو ئاڵێرەوە سەر لەنوێ پەی بەرگریمانە گەورەکانی هیگڵیو مارکسیزم دەبەین. مانای میژوو وئاراستەکەی بریتییە لەخوودی تەواوی عەقڵانیەتو لێکۆڵینەوە مرۆیی بەشێوەیەکی ووردبینانەتر. میژوو لای هێگڵ بەپشکنینی فەلسەفە وەك سیستمێکی رامیاری دەناسرێ: بەوسیفەتەی تیۆری دەوڵەتو شەرعیەت دەبەخشێتە پەیرەوکردنو پاساوی پێکهاتەی خۆی دەکاتو سیفەت رەها نیمچە خواوەندییەکەی دەئەفرێنێ. بەڵام مارکس میژوو لەچوارچێوەیەکی بەراییانە بەبراکسیسی

پیشەسازیو شۆرشی بروڵیتاریو دەسەڵاتی مرۆڤی کۆمەڵایەتی بەسەرسروشت لەرێگەی کۆمەڵی دوور لەچینایەتیو ئابووری فرەیی دەناسێنێ. بەڵام مێژوو ماوەی سەدەیەکە بە ئەندازەی توانای ڕاڤەکردنو تێگەیشتنی هیچ کام لەم گریمانانە بەدەسناهێنێ. تەنانەت گریمانە پتر تەماوییەکان (بۆ نموونە گریمانەی سانای پێشکەوتن) یاخود پتر تایبەتمەند (گریمانەی لێکۆڵینەوەی گشتی نەتەوەیەك لەسەرکەوتنیا بەسەر نەتەوەکانی دی) بەدەسناهێنێ و بەمجۆرە مەبەستە گریمانکراوەکان مانای خۆیان لەدەست داو یان خەریك بوو لەدەستی بدەن.

دۆزینەوەی دەرچەیەکی دی لەرێگەی گریمانەیەکی دی دەکەوێتە ئەستۆمان کە ئەویش: گریمانەی (مەبەست، غایە)ەکە لەگەڵ ئەو مەبەستگەراییانەدا یەکناگرێ لەلایەن داهێنەرانی بیری مێژوویی لێیان ڕوانراوە. ئالێرەوە خۆمان لەبەرامبەر بیری نیمچە دەبینین کە تەواوی واتای خۆی وەردەگرێ.

لەڕوانگەی هێگڵو مارکسو بیرمەندەکانی دی مێژوو لەڕاستیدا دوابەدوای مێژووی تیا ڕەچاو دەکرێ بەڵام لەبۆتەی لەدایکبوونێکی نیمچە سروشتی تیا سەرهەڵدەدات،لەمێژوو لەدایك دەبێ وەك ئەوەی لە لانکەوە دەڕچوبێ و لە مێژووە سەرهەڵئەدا وەك ئەوەی لە منداڵدانەوە دەڕچووبێ. یەکەم کەسەکە وێنای گریمانەی شارستانیەتێکی جیاواز لەشارستانیەتەکەمان دەکات چوونکە لەرێگەی جیابوون لەمێژوو ومێژووگەری مێژوویی لەنێورابردوو ومەعریفەکەیدا لەدایك دەبێتو وەك باڕێکی گرانی بێ سوودی باری یادەوەری تەنها نەزۆکی زیاتر دەخاتە سەر دەسکەوتووەکانو پاشان لەدایکبوونی ئەو شارستانیەتە پشت بە دابڕانی ریشەیی و جیابوونەوەی سەراپایی و نوێکردنەوەی رێگەکانی مەعریفەکەی و هەروەها ڕەتکردنەوەی بیری مێژوویی دەبەستێ. تاکو ئێستا هەرگیز بەدواداچوون سەبارەت بەم گریمانەیەو پەرەپێدانی و بەراوردکردنی لەگەڵ گریمانەکانی دی نەکراوە. ئەو مەبەستگەرایی دەکاتە دیالیکتیك بۆ کۆتایی مێژوو؟ بەڵێ ونەخێر. نەخێر بەگوێرەی تێگەیشتنی هێگڵو مارکسیو گونجانی لیبرالیو پێشکەوتنخواز. لەگەڵ ئەوەشی بەڵێ مێژوو تەواو یاخود تەواو دەبێ بەشێوەیەکی هاودژو کێشێکی قورستر لەمەعریفەو کولتووری مێژووی لەڕووی هەڵوەشاندنەوەیان. ئەو تەواو دەبێو ڕوو لەمەرگ دەکاتو کارەکەشی زۆرە ملێی وێناکردنی دەرچوون لەمێژوو دەکات. دەرچوون لەمێژوو تەواو کردنیەتی بەڵام واتای هەڵوەستەکردن لەم سنوورەو مانەوەی لەمیان ڕووداوێکی سەلێنراوی هەنووکەیی ناگەیەنێ. گریمانەی دەرچوون لەمێژوو کە لەبەشێکی دی ئەم کتێبە خراوەتەڕوو ڕووەو پابەند گەلێکی تێوری درێژ دەبێتەوە. ئەم دەرچوونە تێپەڕینێك هەڵدە گرێ پێویستە بەگوێرەی تێپەڕینی هیگڵیو مارکسیو هەروەها تێپەڕینی نیچەیی وێنابکرێ. دەرچوون لەمێژوو لەڕووی تێوریەو بەنەگەڕانەوە بۆی لەرێگەی تێروانینێکی دواوەکی ئەنجام دەدرێ واتە دەبێت لە بۆتەی بیردا کۆکرێتەوە ومێژووگەرێ بۆ خۆی بگێڕێتەوە بەو سیفەتەی لەو ساتەوە دەبێتە ماددەیەکی دەسبەسەر گیراو و دواتر مێژوو بکرێتە قەبارەیەکی گەورە لەپێناو لەناوبردنی. لەپێناو پێکەوەنانی ئەو- قەبارە مێژوویە- (هەردوو لایەکە لەپێناو دەربڕینی تەنز ئامێزی دانراوە) مێژوونووسان کارەکانیان ئامادە دەکەنو دەکوشن بێ ئەوەی بزانن! دەرچوون لەمێژوو واتای تورِدانی خوودی مێژووە شانبەشان نوێنەرانو هەڵگرانی ڕاستیە مێژوویەکان بۆ نێو-زبڵدانە مێژوویە- فرە بەناوبانگەکان! بەدەربڕینێکی دی هەر کە مێژووگەری پێناسە دەکرێ هەروەها هاوکات رێگە ناگێڕێ لەبەردەم وێناکردنی:

1-بەر لەمێژوو (وەسفکراو بە ئامادەگیو یاخود نائامادەیی: دەوڵەتو نووسینو شمەکو رێکخستنی ئابووریو دابەشکردنی کارو هتد)ە.

2-دوابەدوای مێژووی وەسفکراو هەروەها بە ئامادەگیو نائامادەیی خاوەنێتی بوونەوەری مرۆیی بەبوونی خۆیو

ئامادەگی خوودی خۆی ئەم نائامادەیی میژووگەری‌و پاشکۆیەتی رابردوو و دەسنیشانکردن لەمیان تێپەڕیوەکان دوور دەخاتەوە.

لەمیان دەچوون لەمێژوو وەك بینراوێك چۆن جیاوازی بەدیناکرێ؟

هەندێك لەگەڵان دەڕوانن ئەوەی بچنە نێو مێژووەوە گەرچی ئەشێ دووچاری نائومێدی بن،و هەندێکی تر دەیانەوێ لەمێژوو دەربچن‌و ئەنجامدانی ئەو کارەیان لەتواناداید‌ەو لەوانەش تیادا بمێننەوە. جیاوازییەکان لە پەرەسەندن تەواوی بەهاکانیان لەخۆدەگرن لە قورسایی- هۆکاری میژووی- لەلایەکو توانای رزگاربوون لەلایەکی دی. کرانەوەی دوابەدوای مێژوویی‌و سەرکێشیەکەی بەشێوەیەکی نایەکسان لەجیهانی نوێدا بلاودەبێتەوە کە لەسۆنگەی ئەم ئاسۆیەو ئەم بابەتە دەتوانرێ جیاوازیەکان وێناو شی بکرێنەوە. کارێکی مەحاڵ نییە دەرچوونی مێژوو لەنێوان رۆژهەلاّت‌و رۆژئاوا جیاوازی هەبێت چوونکە میژووی- سیستەمی بەرهەمهێنانی ئاسیایی لەمیژووگەری رۆژئاوایی جیاواز دەبێتەوە. کەوابوو کە بەم ئاسانیە بریتی نییە لەپاکتاوکردنی میژوو هەروەك تێوری ئەزموونگەری‌و بوونیاتگەری پێشنیاری دەکات‌و دریژکردنەوەی ئەو میژووەش نییە کە (هەڵگرانی راستیە میژوویەکان- پێشنیاری دەکەن. دەرچوون لەمێژوو بەنێو ئەم دوو تیۆرە بڕوا پێکراوە تێدەپەڕێ کە هەردووکیان لەلایەن خۆیانەوە واپیشان دەدەن. ئایا بارودۆخەکە نابێتە هۆی زیاتر وروژاندنی دڵەڕاوکێی ئەو کەسانەی کە خاوەنی یەقینی میژووین‌و راپێچی نێو رامیاری دەکەن؟ و هاوکات دەیگێڕنەوە بۆ خۆیان‌و بەبێ بوونی رەوای هەق سەبارەت رابردوو و ئایندەش بێگومان مافی بڕیاردان بەخۆیان دەدەن، لەرابردوو دەڵێن (پێویست بوو...)و لە ئایندەش دەڵێن (لەپێناو بەردەوامێتی میژوو دەبێ...) و ئەم بیانوانەش پاساوی هەموو جۆرە دڵڕەقیەکۆ شێوەکانی ستەمکاری دەدەن بەدەست.

بیر لەم تەنگژەو لەو گیروگرفتانە دەرناچێ تەنها لەرێگەی دیاریکردنی میتۆدێك بۆ رەوشی کۆمەڵەکان سەبارەت یەکتری‌و کولتوورو شارستانیەتەکانیان نەبێ. میتۆدی بەراوردکاری- بابەتی- قووڵەوە بوو پێویستە دەرفەتی پەیبردنی جیاوازییەکان بڕەخسبێنێ لەبری گێڕانەوەی سنووری وێناکراوەکان یان بۆ یەکێکیان یاخود گێڕانەوەی بۆ نموونەیەك واتا بەراوردێکی سۆنگەی وێناکردنێکی تێگەیشتوانەی کاوەخۆ بێت بێ چوونیەکی‌و کوورتکردنەوە. هەر لەئێستا بۆمان قەدەغەیە ئەو ئامادەگیە گەورەیە فەرامۆش بکەین کە دەسەلاّت بەسەر دیالیکتیك دەسەپێنی بە ئەندازەی ئەوەی راڤەی دەکات‌و ئەم دیالیکتیکە لە کەلەبەرێکدا ئەنجام دەدرێ کە پەیکەرێکی قەبارە گەورە دەوری دەداو ئاماژەی بۆ دەکات‌و دیمەنەکە بەتێڕوانینێکی ساردوسڕەوە لەزەبەلاحە قاچ گلێنەکە: دەوڵەت بیردەکاتەوە.

لەو ساتەوە پێویستە ئەوە بخرێتەوە یاد کە مارکس ئامادەباشی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت راگەیاندو ئەوەشی لەروانگەیەوە لەیەکگرتنەوەی شۆڕشی تێوری‌و پراکتیکی لەگەڵ رەخنەی ریشەیی لەدەوڵەت‌و ئەو کارەی کە بەرەو کۆتایی هاتنی دەیبات دەخرێتەڕوو.

بوونی دریژکراوەی دەوڵەتێك (بەهێزتر لەماوەی بەر لەو شۆڕشەی کە خرایە پاڵ مارکس) و بوونی ئەم دەوڵەتە خاوەن مەعریفە بچووك‌و ئامادەگی‌و تواناکەمە لەنموونەی دەوڵەتی هیگڵیە کە وەك قوربانیدەرێکی نەمری دەردەکەوێ چوونکە نەمری سەر زەوی دەنوێنێ‌و ئەو رەوتە جیاوازانە راڤە دەکات کە لە بیری هاوچەرخدا دەردەکەون.

أ-هیگڵیەتی نوێ (داوا لەجیهانی نوێ دەکات لێکۆڵینەوە لەمەڕ میژوویەتی سیستمی هیگڵی بکرێ واتا لێکۆڵینەوە لەمەعریفەو میژوو و دەوڵەت لەسەر شێوەی پێناسەکردنی هێگڵ).

ب-نیچەیی نوێ (هەوڵ بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئەشکەنجەو عەدەمیەتە دەدات کە بەهۆی فشاری گەورەی دەوڵەت بۆ

سەر کۆمەڵ سەری هەڵداو هەروەها هەوڵی گەیشتن بەدوابەدوای ئەم میژووە خەماویە دەدات).

ج–مارکسیزمی نوێ (هەوڵ بۆ شیاندی مارکسیەت لەگەڵ مەرجە میژوویەکان دەدات یاخود بەشێوەیەکی لەبەرچاوگیراو وای دەبینێو بەجۆرێك بیری مارکس ئاوەژوو دەکاتو بانگەشەی خستنە پاڵیشی دەدات. وێنەیەکی نیمچە کاملّی ئەو هێزە ئایدیۆلۆجیانە هەندێك ووردکاری سەبارەت ئەو رێبازو رەنگاڵەییانەی کە لەنێو هەموو قۆتابخانەیەك (بە ئەندازەی ئەوەی کارەکە پەیوەندی بە قوتابخانەکانەوە هەبێت) دەردەکەون.

ئەگەر لەمیان ئەم خستنەڕووە خێرایەدا لەلایەکەوە رووا نینگەلێکمان خستنەسەر تیۆری ئەزموونگەریو رەوشی لۆجیکیانەی جیهانو لەلایەنی دیشەوە بۆ سەر بیری میژوویی‌و ئاستەنگیەکانی ئەوا روانینێکی خێرا لەمەڕ دیمەنی تیۆری دەسگیر دەکەین.

III.

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە تێڕوانینگەلێکی پچڕپچڕ لەسەر بەردەوامیەتێکی قووڵو ئەمەش وا لەخوێنەر دەکات کە بەئارەزووی خۆی لەڕێگەی بیرکردنەوە یاخود ئەندیچشەکاری ئەو بۆ شاییانە پڕ بکاتەوە کە کتێبەکە دایناون. ئەم سیفەتی دابچراوییەی کە خواستی نووسەری لەسەرە هیچ بۆسەیەك نانێتەوە تەنانەت گەر خوازیاریش بێت وەك یاریکەرێك گیرەشێوێنی‌و خۆڕانەگری بخاتەڕوو ئەوا لەپێناوی خستنەڕووی شێلگیرییەکی ئاستەنگی بەربلاوە پتر لەوەی کە پێمان وابێ بەدەرە لەشێلگیری‌و ملکەچکردنە بۆ فشارەکان.

بەشی یەکەم: بیری میژوویی– هێگڵو مارکس– دەگێڕێتەوەو پاشان رەخنەگرتن لەنیمچە دێ بەدوایاندا.

بەشی دووەم: لەبری پرسیاری (میژوو چیە؟ و لەکوێ دروست دەکرێ؟) ئەم پرسیارانە دادەنێ (کەوابوو میژوو لەقۆناغە گەورەکانیدا چی بووە؟ بەر لەنووشەستیەکانی پێشبینی چیمان لێدەکرد؟ وکەی لێی دەرباز دەبین؟)

بەڵام بەشی سێهەم ئەم پرسیارانە دەکات: (کۆتایی میژوو چی دەگەیەنێ؟) گەر ئەوە راستبێ کە دامەزرێنەرانی میژوو بەکۆتایی ناساندوویانە، کەوابێ کاتی پەختکردنی رەوتی (مانا) یاخود مانای بێ مانایی میژوو تەنانەت مەبەست(یاخود کۆتاکەیشی) هاتووە! پێویستە لەسەر دووایین بەشی ئایدیۆلۆجیە هاوچەرخەکانی تایبەت ئەم پرسیارە سەنترالیە کورت بکاتو بەدرۆی بخاتەوە. زۆربەی ئایدیۆلۆجیستەکان لەرێگەی راگوازتنەوە لەدەوروبەری ئەم پرسیارەدا کۆدەبنەوە. هەندێکیان دەخوازن شوێنێك بۆ بەرژەوەندی خۆیان داگیر بکەن لەرێگەی ئەو راگوێزانەی کە سیماجیاکەرەوەکانی دەستیان بەدەرکەوتن کرد.

ئەمە بەشە مشتومڕکارە دەبێتە مادەیەك بۆ کتێبێکی دی و گەر گفتوگۆی لەمەڕ کرا، ئەوا بلاّودەکرێتەوەو چاوەڕوان دەبین. چەند هەلو دەرفەتێکی دیمان تیا خستەسەر بەهۆی هێرشی پڕ لەکینە یان بەهۆی پیلانە بێدەنگەکانەوە لەگەڵ ئەوەش لەهەندێ مشتومڕکاریو بێدەنگی دوورناکەوینەوە.

بەشی یەکەم*

هێگڵ مارکس نیمچە لەبارەی میژووەوە

بەشی دووەم

میژوو و میژووگەری

1–هاوڕێیە میژوورییەکان:

ئەو میژووگەرییەی کە سەرەتا هێگڵو پاشان مارکس پێناسەی کرد لە هاوڕێیەکان بێبەش نییە، بەواتایەکی دی، تیۆری هاوڕێیەکان لەسەیروڕەو سەیروڕەی هاوڕێ لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی هاوڕێیەکان ناگاتە فۆرمەلەکردن. گەر ئەو تیۆرییە بەشێوەیەکی لۆجیکی یەکانگیر بوایە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی تەنها هاوڕێی بۆ نەخاتە روو ئەدا زۆرێك لەهاوڕێکان لەناوەچوون.

1–رێژەیەك لەسەیروڕە دیاری نەکراوەو هەر سات‌و هەر رەگەزێك لەراگوازتن بەولاچیدی نییە. هەموو ساتێك

لەکاتی خۆیدا سەرهەڵئەدات ناتوانرێ بانگەشەی مانەوەی بکرێت. رەگەزو ساتە دیالیکتیەکان هاودژییەکان، ململانێکان- تەنها بەهایەکی بێ سنووری سۆنگەی ریز بەندێك شك ئەبەن و دواتریش هیچ دابەشکردن و دیاریکردنێکی قۆناغە راستەقینە زانستیەکان یاخود پراکتیکیەکان شك نابەن کە لەجگە لەخۆیان بالاترین. دابەشکردن بۆ قۆناغە زەمەنیەکان کاتیەو شایەنی چاو پێخشانەوەیە. هیچ چەمك و تێۆری و سات و شێوەو بە (راستی)یەوەش لەخۆناگرێ و (رووداو، الواقعە) ناتوانێ بانگەشەی هێچ شتێك بکات بۆ نموونە شێوەی دەرکەوتوو و رۆتینو شێوەکانی فینۆمینۆلۆجیای هیگڵی بۆ ئەوەی بەرامبەرمان هەرسێ رۆڵە بچووکەکان لەسەر شانۆ بگێڕن و برۆن و ئەوانەش بووکی بیرۆکەکان بوون.

بەڵام قۆناغەکانی ململانێی چینەکان لای مارکس بەر لەپێگەیشتنی قۆناغی پیشەسازی ئەوەبوو کە سەرکار مافی مێژوویی خزمەتکاروو ئەرستۆکراتیەت هی رەوەگەل- رعاع-و شار هی گوند بۆ خۆی قۆرخ نەکات هەموو ململانێیەك لەدایك دەبێت و گەشە دەکات و بلاودەبێتەوە پاشان لەناو دەچێت.

2-لەلایەکی تردوە رەها پەسەندێتی زەمان و شوێن حەدەس و چەمك، تاك و دەوڵەت بەهێگل دەبەخشێ. بەڵام سەبارەت مارکس سروشت و شۆرشی گشتگیرو چینی کرێکارو براکسیس بەشێوەیەکی دوابەدوا یەك و هاوکات وەك رایەڵێکی جیاکار خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشی دەکات و هەموو شتێك روو دەدات وەك بڵێی رێژەیی (میژوویی) لەتوانایدا نەبووە خۆی دەسنیشان بکات و بیر لەخۆی بکات و تەنها سەبارەت رەها (بابەت و گریمانەکراوی دوابەدوایەك، جەختکردن و بەدرۆخستنەوە) خۆی هەڵسەنگێنێ، ئەی لەمەڕ خاڵەکانی راگوازتن-انتقال-؟

گەر جەختیان لەسەر بکەین لەناودەچن و دەرژێن و لەگەیەنراوێکدا شی دەبنەوە (بڕوانە مارکس، گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان). بەرامبەر بەوەش گەر جەختمان لەسەر دابڕینکاریەکان کردەوەو خستمانەڕوو ئەوا دەبنە رەها (بڕوانە بوونیاتگەری). کەوابوو دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین ئاخۆ میژووگەری توانیویە لەپێناو دەستنیشان کردنی پێگەی خۆی دەستبەرداری سەرچاوەیەك بێت کە بانگەشەی رەهای فەلسەفی دەدات و دەیشارێتەوەو سەرچاوەیەك بێت کە بانگەشەی رەهای فەلسەفی دەدات و دەیشارێتەوەو کاتێکە بیرۆکە یان عەقڵ نەبێ ئەوا سروشت ئەو رۆڵە دەگێڕێ. میژوو لەروانگەی ئەم سەرەتاو سروشتێتی و رەچەڵەکدارو بەرەچەڵەکە بەشێوەیەکی ملکەچ دیاریدەکرێ و خۆی دەخاتە بەردەست و لەروانگەی مەبەستگەراییەوە بیر لەخۆی ناکاتەوە کە بریتی یە لەدەستکەوتنی عەقڵگەرایی یاخود مرۆڤ. لەبنەڕەتدا گەر لەروانگەی مارکس کۆتاکان (کۆتای ئایین، کۆتای فەلسەفە، کۆتای سیاسەت و دەوڵەت) لەبنەرەتدا بوونیان هەبووبێ ئەوا بەهۆی میژوو رووی نەداوە بەسیفەتی ئەوەی کە مەعریفەیە بەڵکو هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی بەهۆی میژووگەرییەوە بوو بەو سیفەتەی کە پەیڕەوکردنی شۆڕشگێڕانەیەو بەسەر ئایینداسەردەکەوێ و فەلسەفە دێنێتە دی. بە دەسگرۆیی عەقڵ گەرایی شوێنکەوتووی بالاتر لە ناعەملگەرای ئایینی بەئەندازەی ئەوەی کە سەر بەعەقڵگەرایی فەیلەسووفەکانە بەشێوەیەکی جەخت لێنەکراو پەیڕەوکاری شۆڕشگێڕانە هەڵدەمژرێت و ئایین و فەلسەو دەوڵەت لەکارلێکردنێکی یەکگرتوو و دەرچووی کارگەیەکدا، لەروانگەی مارکسەوە، دەتوێنێتەوە وێرای ئەوە بکەرە کەچینی کرێکارە. لەم رووانگەیەوە میژوو رەهایە لەرێگەی پەیوەستبوونی بەپێودانگی (شۆڕش) و هەر خۆشیی رەهایی بەخۆی دەبەخشێ.

2-مارکس و میتۆدی میژوویی:

مارکس بەڕوونی ئاماژەی بۆ رێچکەی بیری میژوویی کرد. میژوونووس لەسۆنگەی ئێستاوە دەس بەدەرکەوتن دەکات و لەو رێچکەیەش زیاتر ناتوانێ بگرێتەبەر. ئەو لەمەعریفەیەکی بەراییەوە دەس پێدەکات کە هێشتا لە تێبینیە راستەوخۆکان دانەبڕاوەو پێگەکەیشی لەمیان- بواریکی

کوێرانــە- خــراپ دیــاریکراوە. تەنانــەت گــەر هــەوڵی روونکردنــەوەی ئــەم مەعریفــە لاســەنگەش بــداتت ئــەوا لەهەنووکــەوە روو دەکاتــە رابــردوو پاشــان دەگەڕێتــەوە ئیچستای لەســەرەتا شــیکراوەو پێناســەکراو لــەبری ئــەوەی گشتگیرییەکی پەنهان ببەخشێتە شیکردنەوەکە. ئەم پرەنسـپیە میتۆدییــە بەهایــەکی گشــتی هەیــە. کەســی بــاڵق رێگــە بــۆ تێگەیشتنی مناڵ خۆش دەکات، مارکس جەخت لەسەر ئــەوە دەکــات، پێویســتە لەســەر مــرۆڤیش مــەیموون بناســێ. پێچەوانەکەی ئەنجام نادرێ هەروەك رێڕەوی پێکهاتەیی خێـرا گریمانەی دەکات، بۆچـی؟ نـەك تـەنها لەبـەر ئـەوەی ئـەو- مــرۆڤ- جــۆری دیــاریکراوەو بەرجەســتەکراوی زیرەکــی جیهانیەو هەوڵی ناسینی مەیموون دەدات یـان لەبـەر ئـەوەی باڵقە هەوڵی تێگەیشتنی مناڵ دەدات بەشێوەیەکی فرە قووڵتر چوونکە باڵقی لەمناڵوە مـرۆڤیش لەمەیمونـەوە دەردەچـێت، مەســەلەکەش زانینــی چــۆنیەتی بــوونی مناڵەکــە بــە بــاڵقو دەکەوێتە سەر ئەو توانایەی کـە لەمناڵیـدا هـەیبوو و چـۆن مەیموون بریتی بوو لەساتێکی ئەو مرۆڤـەی کـە لەسروشـت پێکدەهێنرێت. نەمناڵو نەمەیموونیش نـاتوانن لــەو ســەیرورە گشــتیە دووربکەونــە کەســاتەکانی پێکــدەهێنن لەمێــژووی (سروشــتی، کۆمەڵایــەتی، دەروونــی). لای کــەس بــاڵق بەشێوەیەکی بنەڕەتی شتێك لــەمناڵیو لای مـرۆڤیش شـتێك لەمەیموون دەمێنێتــەوە هــەتا ئــەو کاتــەی رەوتەکــە دەتوانــێ بگەڕێتەوە ئێستا کە ئاکام لەرێگەی جیاوازییەکانیو پێکهاتــە هەست پێکراوەکەیەوە دەرکــی پێکــرا. وەك چــۆن کۆمــەڵی بۆرژوایی لەروانگەی مارکس لەرێگەی گەرانەوە بۆ کۆمەڵی دەرەبەگایــەتی روونـدەکرێتــەوە. ئــابووری ســەرمایەداری بەگەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆنو ســەردەمی ناوەڕاســت روون دەبێتــەوە. پیچویســتە داهــاتی خاوەنــدارێتی زەویو رۆڵــی لەسەرمایەداری شــی بکرێتــەوە بــۆ تێگەیشــتنی ئــەوەی کــە داهاتی زەویو سەرانەو باجو دەیەكو بێگاریو هەموو جۆرە داهاتــەکانی دی چــەند بــدوەو چــەند ئــەبێ. کۆمەڵگــەی بورژوایی رێکخەرێکی مێژووییانەی هــەرە پێشــکەوتووترینو جۆراوجــۆرترین بەرهەمهێنانــە. ئــەو چــینو توێژانــەی کــە نوێنەرایەتی لەمیان پەیوەندییەکانی ئەم کۆمەڵــە وەردەگــرنو زامنــی تێگەیشــتنی پێکهاتــەکانین هاوکــات بوارمــان دەدات شــارەزای بوونیــادی بەرهــەمهێنانو پەیوەندییــەکانی بــین لەکۆمەڵگەکانی سەردەمە رابردووەکان.

ئەمــە دەقێکــی میتــۆدیو تەنانــەت ئیســتمۆلۆجی زۆر ئاشکرایە بەڵام:-

1-لەنێو مێژوونووسەکاندا کێ لەم رێـڕەوە گەیشـتووەو دوای کەوتووە؟

کە من ئەو کەسانەی کـە دەرکیـان بـە پەیوەنـدی نێـوان مەعریفەی مێژووگەریو مێژووگەری مەعریفەو شیکردنەوەی گەڕانەوەیی (واتە گەڕانەوە بـۆ دواوە)و پێشـکەوتنی مێـژوو کردووە.

2-زۆربەیان بەبێ ئاگادارییەوە قەڵەمبازیان بەرەو رابردوو هەڵنا، بێ ئەوەی بەهێواشیو لەســەرەخۆ بگەڕێنــەوە ئێســتاو ئالێرەوە مەسەلەی بابەتمەندی سەرهەڵدەدات.

3-هەندێ لەو رووانەی مێژوو کە مـارکس ئامـاژەی بـۆ کـرد فەرامۆشـکرا (بـۆ نموونـە ئـەو مەســەلەیە کـە دەڵــێ بەربەرییــەکان ســنووریان بــۆ گەنــدەڵی رۆمــا دانــا دەرهاویشتەیەکی نوێیان بەخشی بۆ گۆڕینی جیهان.

4-ئەوانەی کـە بـەئاگاییو نـا ئاگاییـەوە کەوتنـە دوای ئاماژەکانی مارکس لێکۆڵینەوەیان لــە ئــەنتۆلۆجیا (زانســتی نەتەوەکان)و ئەنپرۆپۆلۆجیا (زانستی رەگەزی مرۆیی) کرد بۆ ئاراستەکردنیان دژ بە مێـژوو. بۆچـی؟ بـۆ ئـەوە نییـە لەبـەر ئــەوەی مــارکس وەك زانــاو مێژوونووســێك ئــارەزووی پووچــەڵکردنەوەی مــارکس وەك بیرمەنــدی پــەیرەوکردنی شۆڕشگێڕانە دەکات؟

جارێك لەروانگەیـەوە دەسـپێکردنو دەرچـوون لەئێسـتا مێژوو بـەرەو گـۆڕینێکی گشـتگیری جیهـان دەبـاتو تیـادا کۆتایی دێتو جارێك مێژوو دەگێڕێتەوە بۆ رابردوو لــەپێناو روونکردنەوەی ئێستا. پەیوەندی لەنێوان ئـەم دوو بۆچـوونە

نییـه. لایەنـه ئابووریـیەکـه بەئاسـتەنگیەوە هەمـەگیرو گشـتە قۆرسەکە دەنێتە سەرشان.

3-مارکسو ریژەیی میژوو:

لە روانگەی مارکس سێ چەمکی دوابەدوایەك بۆ مێـژوو و میژووگەری هەیە کە بەرامبەر قۆناغەکانی بیری هاوسەنگ دەوەسـتن. دەتـوانین پوختـەی دابەشـکردنی زەمەنیانـەی قۆناغـەکانی بیروکارەکـەی وەربگـرینو ئـەم کـرداره مـافی گەورەتری نییە بەسەر کردارەکانی دی دابەشکردنی کۆتایی.

1-ئەشێ بیرۆکەی شۆڕشی گشـتگیر لەبیرۆکـەی هـێگڵ نزیك بێتەوە بەڵام لەگەڵ پێداگری لەسـەر رەوشـی جیهـانی هەڵگەڕاوە، جیهانێك فەلسـەفەی هیگڵی تیا دەبێتە دەربرینـی دووایینو بالآو لەدیدی مارکس ئەو رەوشەیە کە پەسـەندێتی نامۆی دەداتێ لەوەی کە تەواو بەهەڵەداچـوونێو پڕبـێ لـە راستیەکان بەمەش دەسکەوتنی میژوو لەدەوڵەت بەسیسـتمە فەلسـەفیو رامیاریـیەکـەوە هەڵدەگەڕێتـەوە بـۆ پرۆژەیـەکی شۆڕشگێڕانەی گشتگیرو بەقەڵەمبازێکی یەکلاکەرەوە چـینی کرێکـای تێدەپـەڕێنێو سـەراپای کۆمـەڵ لەگـەڵ خـۆی رادەپێچێتە نێو قوڵایی پێویستی (کوێرانە)و ئـازادی(بـەئاگاو خراوەگەڕو شـارەزا)و ئـەویش هـەموو شـتێك (گشـتگیری) لەریشـەوە دەگـۆڕە لەرێگـەی دانـانی کۆتـایی بـۆ هـەموو نامۆییەکان.

2-بیرۆکەی گشـتگیرانەی شـۆڕش (بیرۆکـەی شۆڕشـی گشـتگیر) بەسـیفەتی مـەحاڵو تـوانراو پـەردەی لەسـەر هەڵـدەماڵرێ. هـەموو شـتێك دەتـوانرێ بەشـێوەیەکی تێگەشتوانە (مفهومیا) وێنا بکرێ. گەیشـتن بەهـەموو شـتێك لەتوانادایـە بەتایبـەتی تێکرایـی کۆتاکـان. گرێمانـەی کـاری بەراپایی (گشتگیر) ناتوانێ ماوەیەکی درێـژ خایـەن بـەرگری بکـات. رووبەوڕووبوونـەوە لەگـەڵ مەرجـەکانی واقیـع لەرێـژەیی بەراییـدا کۆتـایی دێـتو مەبەسـتەکان لەزەمەنـدا پلەپلە دابەش دەکات.

3- تیـۆری ئـەم زەمەنـە ووردکارانەیـە. خستنەسـەری سیفەتی ریژەیی بۆسـەر ئامانجـە شۆڕشـگێڕییەکان لەرێگـەی دەسکەوتەکانەوەیەو ئەوانیش ریژەیی دەبێو لەماوەی چـرکە ساتێك سیفاتەکانی خۆیمان بەشێوەیەکی باشتر دیاریدەکـەتو ئەوەش چرکەساتی گوێزانەوەیە- البرهه الانتقالیه- (بڕوانـە (رەخنـە لـەبەرنامـەی گوتـە)) بـەڵام تیـۆری مێـژوو بـەرەو ستراتیجیەت رادەگـوێزرێ بەرادەیـەك هەڵوەسـتە لـەهەمبـەر بینینی پەیوەنـدی لەگـەڵ میژووگـەری دەکـەین کـە ئەشـێ رەتیکاتەوە یاخود بیقۆزێتەوە، ئەوەی کە تەنها ئەیزانین ئەوەیە کە تیـۆریو سـتراتیجیەت تێکـەڵ نـابنو هـەروەك تیـۆریش تێکەڵ بە پەیڕەوکردن نابێت بەڵام لەیەکترش دانـابڕێن. ئایـا ئەو تیۆرییەی ئەو گرتوویەتـە بـەر تیـۆری سـەرمایە: تیـۆری بازارو یاساو بەهاو شێوەی ئاڵوێر نییە؟ بەم جۆرە ئایا رێـژەیی میژوویی لەدووایین سنووریدا میژووگەری رامێنراو بەسیفەتی رەهـا رەتناکاتـەوە وەك زەمـەنێك کـە یادکـەرەوەو یـاد لێکراولەبەرگرەوەو لکێنەرو لکێنراو دیاری کـراو دیارکـەر



خۆی بێت دیاریکەری خوودی بێت؟

ئەوی ماوەتەوە قووڵبوونەوەیە لەم چـەمکەو مەسـەلەیەی کـە بەهەڵپەسـێردراوی جێهێڵـرا ئـەویش: چرکەسـاتی

گوێزانەوەیە. لێرەدا دەوێرین سیمایەکی دی بخەینە سەر سیماکانی ئەو چرکەساتەی کە مارکس ئاماژەی پێکردو ئەویش دەرچەی میژووەو ئەم چەمکە کرداری وەسفکردنی میژووگەری بەسیفەتێکی ریژەیی لۆجیا دەستە بەر دەکات.

4-مێژوو و ئایدیۆلۆجیا: چەمکی ئایدیۆلۆجیا لای مارکسو ئەنجلز بەشێوەیەکی ریشەیی چەمکێکی شۆڕشگێڕانە بوو. بەشێوەیەکی روونتر ئایینو فەلسەفەو ئایدیۆلۆجیای بەلۆجیك موتوربەکراوو مافەکانی لەڕەگەوە هەڵتەکان. چی لەفەلسەفە مایەوە؟ هەستو پرۆژەیەکی یوتۆبیایی گوازراو و هاوکات دەسکەوتوو لەرێگەی پەیڕەوکردنی پیشەسازی (ئاراستەکراو لەلایەن پرۆلیتاریای پیشەسازی).



لەدوای رەخنەگرتن لەئایدیۆلۆجیاکان چی شتێك لەستاتیکاو هوونەرو سیستمەئاکارییەکان توانای مانەوەی هەیە؟ هیچ شتێك، توانای رەخنەگرانە بەسیفەتی نەفیکارو روخێنەری چەمك‌و میژووی پرۆلیتاریا لەروانگەی مارکس دەبوو لەسنووریکدا نەوەستێ. توانای سەرکەوتنی بەسەر رابردوو پایەو پێگەیەکی بەتیۆری‌و پەیڕەوکردنی شۆڕشگێڕانە دەبەخشی. پاش تێپەڕبوونی سەدەیەك، گوێزانەوە لەمێژووی ئایدیۆلۆجیەکانەوە بەرەو مێژوو بەسیفەتی ئەوەی ئایدیۆلۆجیایە رووید. مێژوو (بەواتا دوا نییەکەیەوە: میژووگەری‌و مەعریفە) دەرکەوت‌و وەك یلێی ئایدیۆلۆجیای تیا رۆچووبێ هیچ جۆرە پێودانگێکی جیابوونەوەی پێشکەش نەکرد. گەر پێودانگێك هەبوو بێ ئەوەش پێودانگیی لۆجیکیە: مەعریفە لەمیانیەوە مل بۆ یاسای یەکانگیربوونی ژیرەکی کەچ دەکات‌و ئایدیۆلۆجیا یەکانگیر نابێ نە لەگەڵ خودی‌و نەش لەپەیوەندیکردنی لەگەڵ پەیرەوکردندا. مەعریفەی میژوو و میژووی مەعریفە یان بەشێوەیەکی دی: سۆسیۆلۆجیای مەعریفەو مەعریفەی سۆسیۆلۆجی بەرادەیەك بەیەکا دەچن کە جیاکردنەوەیان ئاستەنگ دەبێ‌و تەنانەت رێگە پێنەدراویش دەبێ. لەوانەیە رەخنەی ئایدیۆلۆجی میژوو میژووی ئەو ئایدیۆلۆجیانەی لەناوبردبێ کە هەرگیز بەسیفەتی مەعریفەدروست نەبوون وێرای ئەوەی مارکس‌و ئەنجلز ئاماژەیان کرد بۆ پرنسیپ‌و چەمکە بنەڕەتیەکان‌و رێبازەکانی میژووی ئایین‌و فەلسەفەو لۆجێك‌و مافەکان. بەرنامەی مارکس لەبۆتەی پەیماندا مایەوەو رزگاربوون دوای راگەیاندن نەکەوت نە لەسەر ئاستی تیۆری‌و نەش لەبواری پراکتیکیدا.

5-جارێکی تر سەرمایە: هیچ شتێکی نییە کە لەزەمەندا دەرکی پێنەکرابێ بەگوێرەی ریتمی زەمەنی: گەشەندن، پێشکەوتن، ئاوابوون. هیچ شتێکی تیادا نییە لەسەر شێوازی دینامیکی‌و ململانێداری پەیوەندییەکانی هێزو رەوش‌وبوونیادەکان تێنەگەیەنراوبێ. کۆمەڵێك هاودژ لەسەر بنەمای ئاستگەلی جۆراوجۆرو دەسەلاتی ئابووری بەتایبەتی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریش بەشێوازێکی میژووییانە تێگەیەنرا.

گوومانی تیادا نییە هەموو شتێك لەسەرمایە بەپێی میژووگەری تێگەیەنرا تەنها پرەنسیپ نەبێ کە ئەشێ بەشێوەیەکی بنەڕەتی: شێوەی بەهای ئاڵوگۆڕ بگرێتەوە. ئێمە دەزانین ئەم شێوەیە هەیەو ئەگەری ئامادەبوونیشی هەیە هەر لە ئاڵوگۆڕکردنی شمەك بەرامبەر شمەك تاکوو بەخشین کە بریتین لە چەند شێوەیەکی سەرەتایی ئاڵوێر. دروست دەبێ‌و روونەکرێتەوە و بەدرێژایی میژوو دادەرێژرێتەوە. لەسۆنگەی باسەکەیدا ناتوانرێ قسە بکرێ تەنها لەبارەی

ئەوەی کە لەگەڵ کارو بوونیادەکانیدا دەگوونجێ وەك شێوەی لۆجێکی کە بوار بۆ پێکهاتەکان خۆش دەکات. ئەو بەشێوازی خۆی سەرهەڵناداو پێناگات و بەکرداری پاکژکردنی کۆمەڵایەتی (لەگەڵ بازرگانی)و زەینی (لەگەڵ زانستی ئابووری) ئازاد دەبێت، ئایا لەدوای سەرمایەداری گیانبازی مانەوە ناکات کاتێکە سەرمایەداری بەهۆیەوە نەمێنێ؟ ئایا گەیەنراوێکی سەروو میژوویی نانوێنێ بەشێوەیەکی جیاوازو پابەند بە پاکژییەکی رووانەتی نزیك لە لۆجیکەوە؟ ئەم گەیەنراوە تا چ رادەیەك درێژە دەکێشێ؟ ئەوی تایبەتە بە دەسەلاتی ئابووری لەشێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە بەمجۆرە وەسفی دەکات و چارەنووساز دەبێو سیمای شارراوەی پەیوەندییەکان (سیمایەك مەعریفە لەرێگەی رەتکردنەوەی دامەزراوەکان دیاری دەکات).

مارکس ئەنجامەکان روون ناکاتەوەو ئەم پلانەی خوارەوە دەتوانرێ بگیرێتەبەر:-

أ-چرکە ساتی یەکەم: رۆشنی، شەفافیەتی کۆمەڵی (رۆشنیەکی ریژەیی).

دەسەلاتی پەیوەندیە راستەوخۆکان لە کۆمەڵگەی کۆن (سیستمی کۆیلایەتی)و ناوەڕاست (دەرەبەگەکان). ئەم کۆمەڵگانە لەسەر بنەمایەکی ئابووری دامەزراون بەڵام ئەم بنەمایە کۆی بنەڕەتی- ئاستی دیاریکراو واقیعی- لەپەیوەندییە کەسایەکانو ململانیکانی نێوجەرگەی ئەم پەیوەندییانەو خەباتەکان لەپێناوی دەسەلات و سامان (بەکارهێنانی زیادەی بەرهەمهێنراوی کەم) حوکم ناکاتو لەم بۆتەیەدا میژوو لەدارووخانی ئیمبراتۆریەتەکاندا بچووك دەبێتەوە.

ب-چرکەساتی دووەم: گەشەی ئابوریو کەڵەکەبوونی فرە لایەنەی (تەکنیکی، زانستی، هتد)و دابەشکردنی کاروباری یاسایی زۆر لەنێو کۆمەڵو کۆنترۆڵکردنی سروشتی مادی گرتە خۆ، بەڵام پەنهانی پەیوەندییە دوو لایەنیەکانو گرنگی- شمەکەکان-و دراو لەشێوەی گرێ بەستو مۆرکراو نووسراوە پەیوەندیدارەکان گەشەی سەندو هەروەها بایەخێکی زیاد لەپێویست دەداتە ئەو ئابوریناسەی کە زۆر نابات روو دەکاتە پایەی یەکەمو پلەیەکی ئابووریو ستراتیجیەتی رامیاری نێو کۆمەڵی سەرمایەداری گەشە دەسێنی. لەم بۆتەیەدا میژووگەری بەشێوەیەکی کوێرانەو بێ سۆز دیاریدەکرێو بەخشکەیی کاری دەکاتو پابەندی کەڵەکەبوون دەبێتو سەیرورەی کۆمەڵایەتی لەو قۆناغەدا دوولایەنەی:

میژوو- کەڵەکەبوون وەردەگرێ، لەرێگەی کرداری بچووکردنەوەی تێوریو کردەکیو فەلسەفیو میژوویی تایبەتمەندییەکان (جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە) روو لە چوونیەکی دەکات.

ج-چرکەساتی سێهەم: گێڕانەوەی رۆشنی بۆ کۆمەڵگەی نوێ، سۆشیالیستی یاخود کۆمۆنیستی و دەسبەسەراگرتنی ئابووری یەکە کۆمەڵناسی تێیدەگاتو لەبەرامبەر مەعریفە بەهاکەی لەدەستداو یاخود چاکتر بووترێ بەهای خۆی لەرێگەی مەعریفەو ناوەڕۆك ئاکامە چاوەڕوانەکراوەکانی لەپێشترێتی خاوەندارای دەستدەکەوێ. ئایا ئەم پلانە میژووگەری دەگێڕێتەوە؟ ئایا بەردەوام نەخشەیەکی مارکسیە؟ بۆچی (شەفافیەتی، رۆشنی)و نیشانەکانی- بەنهانێتی، رۆشنی- پێشکەش دەکات؟ گەر مارکس ئەوەی لە (سەرەتای سەرمایە) بکردایە کاتێکە دەبڕوانیە رابردوو و تواناو، ئاخۆ لەسنووری بیرکردنەوە زانستیەکەی دەرنەدەچوو؟ ئایا لەبازنەی جیاوازییەکان رۆنەدەچووە نێو بازنەی واتاو نەریتەکان؟ ئەمە کارێکە لەبایەخی کەم نابێتەوەو لەرێگەی پردێکی بچووکەوە بیری مارکسی بەبیری نیمچەیی گرێ دەدات.

هەروەها دەشتوانرێ بگووترێ:

أ-ئەو یاسای بەهایەی کە مارکس چەمکەکەی دارشتووە دەبێتە هۆی ناسینی بازارو کۆنترۆڵکردنیو هەروەها ناسینی- جیهانی شمەك-و پاشان کۆتایی هێنان بە دەسەلاتو تەشەنەکردنی سیمایەکی بنەڕەتی میژووگەرییە.

ب–خـــوودی یاســـای بـــەها شانبەشـــان بـــازاڕ لـــە خۆشگوزەرانی داهاتوودا (مومکین دا) هەڵدەوەشێ‌و نامێنی‌و بەمجۆرە مێژوویەك (مێژوویەکی گومـان لێنـەکراو) کۆتـایی دێت گەر رەوشگەلێکی هەژاری نوێ سـەرهەڵنەداو تـاریکی خۆی بەسەر ئاسۆدا بلاونەکاتەوە کە ئەویش نەداری شوێن‌و زەمەن‌و هتد...

6–سروشت‌و مێژوو:

مـــارکس نەیـــدەتوانی بـــێ هـــەبونی سەرچـــاوەیەك مێژووگەری‌و مێژوو پێناسە بکـات‌و وێنـاکردنی چـەمکیانەی زەمـەنی مێـژوویی دەگۆڕێتـە خەســڵەتێکی سروشـتی یـەو سیفەتەی بناغەیەکـە وەك بێشـکەو دایکـی سـەیرورە یـاخود منالّدانی یاسـاکانی سـەیرورەی دیـالیکتیکی (لـەدایکبوون، گەشەو پەرەســەندن، پێگەیشـتن، نـەمان‌و مـردن– خـەبات‌و ململانـێ لەســەر ئاسـتە جـۆراو جۆرەکـان). مێژووگـەری وادیاربوو پێویستی بەپێشتگیری ئیجابی هەبوو بەلاّم کارکردن (پەیرەوی شۆڕشگێڕانەی چینی کریکار) لەروانگەی مـارکس پێویسـتیەکی سەرشـانی بـوو وەدەسـتوانرا تـەنها لەرێگـەی رەتکردنـــەوە دەستنیشـــان بکـــرێ. لـــەکردەوە بـــەناو فەلسـەفیەکاندا چـینی کرێکـار وەك چـینێکی گشـتی و شۆڕشگێڕانەی گشتگیر دەردەکەوێ و کودەتایـەکی گشـتی دەخاتە نێـو مێژووگـەری (شانبەشـان کۆتـای مێژووگـەری‌و خوودی مێژووش) چوونکە رەتکەرەوەی هـەبوو– موجـود– (کۆمەڵگەی بۆرژوایی‌و سەرمایەداری)و پاکسازی رابردووە. بەلاّم کاتێکە مارکس بەشێوەیەکی رامیاریانە واتا سـتراتیجیانە بیر دەکاتەوە ئەم بیرە پوختەی سەبارەت کاری شۆڕشـگێڕانە (نەفی‌و پێداگرتن) تەواوکەر نابـێ، کـاری رامیـاری مـەرجی بەڵگـەدار دەخـوازێ‌و پرۆلیتاریـاش پێویسـتی بەهاوپـەیمان‌و بەرنامـەو هۆکارەکـانی تێـوەگلان‌و هـەڵی سـەرکەوتن هەیـە (بڕوانـە بەیاننامـەی پـارتی کۆمۆنیسـتی، 1848و هـەروەها رەخنە لەبەرنامەکانی گوتا/1875).

هەروەها ئـەو نایەکانگیرییـەی کـە دەدرێتـە پـاڵ تیـۆری مارکس دەبێتە هۆی بێ توانایی لەدیاریکردنی چەمکی مێـژوو بەشـێوەیەکی سەرچـاڵ (و پوختـەی ئـەو قسـانەی کـە دیاریدەکات)و ئەشێ کەموکوڕی ئەم یەکانگیرییە واتایـەکی قوواڵ بەدەستبدات. ئەوی کە زۆر ئاشکرایە ئەوەیە کە چینی کرێکاری وواڵتە پیشەسازییەکان پێداگری لەسەر نەفی بکات یاخود نەکات ناتوانێ ئەو پەیامی شۆڕشگێڕییە بەدەسبهێنێ کە مارکس لەسەر ئاسـتی چـەمك دایڕشـتوە. هـەوڵی دا بـەلاّم سـەرنەکەوت. کاتێکـە جلّـەوی حـوکمی گرتـە دەسـت شتگەلێك یارمەتیدەری بوون، بەچی؟ بەرەوشە نەتەوەییەکان؟ بەچالاکیەکانی دی؟ بەهاوپەیمانی لەگەڵ جووتیارەکان؟ لـەم سێ حاڵەتەدا کە هیچیان بەدوور نازانرێن پـەنا دەبرێتـە بـەر ئەوەی کـە سروشـتیەو یارمـەتی پرۆلیتاریـای دا بـێ ئـەوەی بەربەســـت و تەنانـــەت شکســـتەکانی لێ دوورخاتـــەوەو شۆڕشەکان بوونە شۆڕشێکی کشتوکاڵی‌و جووتیاری.

ئایـا ئەمـە ئـەوە ناسـەلێنێ کـە پـەراوێزکاری دراوە پـاڵ سروشت لە روانگەی تیۆری مارکسی بۆ مێژوو ناوەڕۆکێکی مێژوویی هەبوو؟ مێـژووی شۆڕشـی پرۆلیتـاری بەسـیفەتێکی سروشتی تیا بەردەوام دەبێ‌و رۆدەچێتە نێویـەوە. لەچـاکترین رەچاوکارو شیکەرەوە کتێبی(جاك بیرك لـەپێناوی ئیسـلام)ە کە تیادا رەچاوی ئەوە دەکرێ چینە هـەرەکاراکان لـەرووی سەربازی‌و رامیاری (دژ بەئیستعمار) نە کرێکـارو نـەش ئـەو جوتیارانـەن کـە لـە مولّکـەکانیان بێبـەری کـران بـەڵکو چـینگەلێکی دی وابەســتەن بەزەوییەکانیانــەوەو هەڕەشــە لێکـــراون پـــڕ لـــەوەی شکســـتخواردو بـــن ئـــەوانیش (جووتیارەکانی پێدەشـتن لـە تـونس)و بـەمجۆرە کـە شـۆڕش بەردەوام دەبێ، لـەسـەر ڕێگەکانـدا تـەکانی نـوێ‌و پاسـاوی نوێ‌و ئامانجی نوێ سەرهەڵدەدەن. گەر کەسانی کشتوکاڵی‌و پیشەسازی توانای شۆڕش لـەدەس بدەن ئەی گـۆڕینی جیهـان لـەکوێوە هەناسـەیەکی نـوێ وەردەگـرێ؟ وەلاّم لەشـێوەو پەیڕەوکارییەکانی شاردا.

بـەدەربڕینێکی دی ئەمـە داننانـە بـەڕۆڵی سروشـت لـە مێژووگـەری دیـاریکراوی لای مـارکس‌و لـەهیچ شـتێکدا مەسەلەکانی سەبارەت جووتیاران بەشـێوەیەکی یاسـایی وەك

چینێکی شۆڕشگێڕی لەخۆ ناگرێ و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ: گرنگیدان بەشیکردنەوەو دوورکەوتنەوە لەهەموو بەڵگەکارییەکان مەسەلەی ناوبراوو وابەستەی خودگەرایی- ژاتویە- یەك دەکات کە خێرا دەخوازێ سەر لەنوێ بیربکاتەوەو بەدوای میژوودا بچێت.

7-کارگەو میژوو:

کاتێکە مارکس لەساڵی 1844- دەسنووسە- بەناوبانگەکانی نووسی بە ئەندازەی ئەوەی هیگڵی یاخود فویر باخی بێت ئایا پابەندی سان سیمۆن نەبوو؟ بەڵام ئەم ئارەزووە گەورەیە بۆ پۆلێنکردنی زەمەنەکانو بڕگەدارکردنی پێکهاتەی بیرمەندێك کە هەوڵی یەکخستنو کۆکردنەوەو لکاندنی سیفەتگەلێکە لەپای چی؟ پیشەسازی لەهەرێمی- رینان- وئەوروپای نوێ تا رادەیەك لەبەرچاوگیراو گرنگ بوو تەنانەت بیری مارکسی سەرقاڵ کرد. ئەو پەیڕەکارییە نوێیە وەك فەیلەسووفێك (واتە بەشێوەیەکی هیگڵیانە) دەخوێنێتەوە چوونکە وەك ئەو کێبە گەورە جیهانیە لێی دەڕوانێ کە تیادا هیزو ووزەی مرۆییانە تۆمار دەکات بەمجۆرە سەر لەنوێ پەی بەسان سیمۆن دەبات‌و بەجۆرێك پشتگیری دەکات کە دەسکەوتەکانی لەگەڵ دەسکەوتە ئەنسرۆپۆلۆجیەکانی فویرباخ‌و جەختلێکراوەکانی ئەم فەیلەسووفە مادیە لەمەر رەگەزی مرۆیی (لەمەڕ مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی‌و مرۆڤی رەگەزی) یەکدەگرنەوە.

مارکس لە پیشەسازیدا پەیرەوکارییەکی میژوویی‌و کۆمەڵایەتی بینی ئەو پەیڕەوکارییە نوێ‌و سەراپاگیرەی کە جیاوازییەکی ریشەیی لەگەڵ پەیرەوکاری کشتوکاڵیدا هەیەو ئەو تەنهاب ەرهەمهێنان ناگرێتە خۆ بەڵکو بەرهەمهێنان‌و پەیوەندییە نوێیەکانی بەرهەمهێنانیش لەگەڵ خۆی دێنێ لەسەر بنەمای پێوەری کۆکردنەوەی تێگرا. کەوابوو ئەمەش گۆڕانکاری کاوە خۆی جیهانی سروشت‌و مرۆیی (کۆمەڵ)ە، بۆ رژوازییەت لەچوارچێوە دیاریکراوەکەیدا ئەم هێزە تازانەی پیشەسازی دەپارێزێ‌و دەیگێڕێتەوە بۆ دابەشکردنی کارو بەشبەشکردنی رێکخستنی عەقڵانیانەی پرۆژەو دەسەڵاتە ناعەقڵانیەکانی بازار. پیشەسازی لەخۆیدا شتی زۆرترو چاکتر دەگرێتەخۆ بە بەروارد لەگەڵ ئەوەی کە چینی کرێکار دەیگرێتە ئەستۆو ئەم جۆرە پیشەسازییە تەکانداراوو بەڕێوەبراوە پێشەنگی کۆمەڵ‌و میژوو بەرەو رەوشێکی گونجاو دەکات.

میژووی پیشەسازی کۆتایی بە میژووی گشتی مرۆڤایەتی‌و میژووی خۆی دەهێنێ لەدوای سەدەونیوێك:

1-ئەوەی پرسیاری لەبارەوە ئاراستە دەکرێ ئەو ووزەیەیە کە مارکس گێڕایەوە بۆ پەیڕەوکردنی پیشەسازی (یان گەر بخوازین بڵێین بۆ ئەو پیشەسازییەی کە چیتر وەك بڵاوبوونەوەی جەمسەری ووزە مرۆییەکان دەرناکەوێ). پرسیاری تایبەت بە بەرهەمهێنان‌و بەرهەمداری گەڵ گرنگە بەڵام سەرجەم پرسیارەکان ناگرێتەوە. بزاڤی بەرهەمداری لادان لە پاردۆکسی گشتی کۆمەڵ‌و مرۆڤ دروست دەکات‌و وچارەسەی ئایدیۆلۆجی دەسەپێنی واتە چارەسەری خراپ.

2-پەیڕەوکاری پیشەسازی ووردکاری بەدیهێناو بچووك کرایەوە پێگەی دیاریکراوی تەنها لەپرۆژەدا دەبینرێ‌و عەقڵانیەتی سەردەمی پیشەسازی بااڵ بەسەر تەواوی کۆمەڵ دەکێشی‌و ئەنجامدانی توانا رێکخراوەکانی پرۆژەکە رۆحی کاراو دیاریکراوی پرۆژەکەیەو تۆکمەکاریە.

3-لەدەرەوەی پرۆژەو دابەشکردنی تەکنیکانەی پرۆژەکە بازاڕ دروست دەبێت کە شوێنی دابەشکردنی کۆمەلایەتی کارەو لەم رووەو گۆڕەپانەوە ئەمڕۆ عەقلانیەتی گشتیو نەخشەسازی دێتەناوەو لەرێگەی ماهیەتەکەیەوە بەدەولەت پابەند دەبێتو ئەمە کارێکە مارکس چاوەڕێو مەزەندەی نەدەکرد.

دابەشکردنی کاری هەرە پێشکەوتووی نێو پرۆژەکە پەی پێدەبرێ شانبەشان بەخشینی چەند تایبەتمەندییەکی بالا بەوانەی کە بەناوی دەولەتەوە کار دەکەن لەپێناو رێکخستنی گشتی بازاڕو پاشان کۆمەڵ کەوابوو پەیڕەوکاری پیشەسازی نابێتە خاوەن ئەو رووەچاکانەی کە مارکس پێیدابوو ومێژوویی نەبوو وەك هیوای بۆ دەخواست.

گەر لەپێناو بەدیهێنانی میژوو کاری کردبێ ئەوا لەرێگەی تەواوکردن هەقیقەتی فەلسەفیو رامیاری پێکنەدەهات.

8-زانستی دەولەتو زانست:

میژوو لەبۆنان لەگەڵ دەولەتدا لەدایك بوو. کاتێکە شار وەك دەولەتێك پێکهێنرا میژوو لەتوێی هەقایەتو زنجیرە رووداوەکانو شیعری داستان ئامێز هەڵقوواڵ بۆ باسکردنی ئەو پێکهاتنەو گێڕانەوەی ململانێکانی دەولەتی شاری خاوەن دیموکراسیەتی سنووردار بەڵام کارا، بوونی دەولەت دەبوو رووبەڕووی هەڕەشە بێتو دەسکەوتەکانیشی لەرێگەی دیموکراسیەتەوە بەدی بکات تاکوو گوتار لەبارەی سەیرورەی مرۆڤایەتی بگاتە رادەی ئەو گوتارەی کە لەچوارچێوەی یادەوەریو ماقوولیەتدا هەوڵی زامنکردنی خۆی دەدا.

لە سۆنگەی ئەو دەولەتی- شارەدا مرۆڤ تەنها لەشێوەی هاوواڵاتی بەدیدەهێنرێ، هاوواڵاتی وێنەی رووی (مرۆڤ) دەکێشیو وەك بوونێکی میژوویی لەخۆی دەگات‌و پەیوەندی بەچارەنووسی بەکۆمەڵ دەکاتو دەگاتە ئاستی راگواستنی کۆی ئیرادە تاکڕەوەکان بۆ ئیرادە گشتیەکان. دەولەتی ئەغریقی لەو سەردەمەدا خۆی لەرێگەی دیموکراسیەتەوە بەدیهێناو بۆ چەند سااڵێکیش فۆرمەلە تایبەتیەکەی دروست کرد هەروەك هیرودوتس‌و هەروەها توسیدید لەمبارەیەوە گوتوویانە. ئایا ئەو بارودۆخەی یۆنان بەشێوەیەك لەشێوەکان لەرەوشی بەڵگەداری واقیعی فەرەنسی سەردەمی سان سیمون (شۆڕش‌و ئیمپراتۆرییەت)و واقیعی ئەڵەمانی سەردەمی هیگڵ (خەباتی نیشتمانی دژ بەناپلیۆن‌و ناکۆکی نێوان رۆحی جیهان ئەو کارەی کە هەڵگری واتاو ئایندەبوو) ناچێ؟ و دواتریش مێژوو نابێتە خاوەن ئەو خەسڵەتە گشتگیرەی کە پێدەچێ شانبەشانی بڕوات‌و بەبێ ئەو پارچە پارچە بێت‌و تەنها بەهۆی ئەو پەیڕەوکردنە رامیاریە کۆمەکە بەرگری لەگێڕانەوەی بۆ ئاگاییەکی رووت‌و بوونی خوودییانەی وەك دەولەت بکات؟ میژووگەری لە ئاگایی کاراو (کە خوودی پەیرەوکردنە) ئاگایی بەشداری لە عەقلانیەت‌و سالاری رەوای دەولەت پەیوەندی بەدەولەتەوە دەکات.

ئەم تێڕوانینەی (میژوو و زانستی دەولەت)ە لەگەڵ بیری مارکس لەرووی نەعریفەی رەخنەیی لەمیژوو و دەولەت دا دەگونجێ.

بەمەرجی دوورخستنەوەی بەشە رەخنەییەکەی....لە خۆشبەختیانداو ئەوەیشی مایەی بەدبەختیە کە تیۆرییەکە راستەوخۆ بەرەو تەنگژە دەڕوات‌و زانستی دەولەت‌و زانست تێکەڵ دەکات، دەولەت پێویستی بەزانستەو کاربەدەستەکانیش خاوەنی ئەم زانستەن وەك خاوەندارای تایبەتی. شارەزاییەکانیشیان تایبەتن بەخۆیان‌و هەڵبژاردنیان لەرێگەی ئەو تاقیکردنەوەو پێشبرکێیانەدا ئەنجام دەدرێ کە بابەتەکانی باس لەم زانستە دەکەن. تەنانەت لەکۆمەڵەو دەستەی بیروکراتیدا جۆرێك لە خاوەندارێتی تایبەتی (بیروکراتی) بۆ دەزگاو زانستە بەدەزگاکراوەکان پێکدەهێنرێ. بەڵام زانستی دەولەت کە تیادا دەولەت دەبێتە بابەتی زانستەکەی لەگەڵ ئەم مەعریفەیەکناگرێتەوە. ئەو ئەم زانستی دەولەتە بەشێوازێکی رەخنەیی دەناسێ‌و سیما بیرۆکراتیەکان جیادەکاتەوە. بەڵام لای مارکس میژوو وەك دەرهاویشتەیەك لەکارلێکردنی شۆڕشگێڕانە دەبێتە

مەعریفەیەکی کارای لەناوبردنی دەوڵەت. دەستەبەرکردنی میژوو و کۆتاکەی بەهەرحاڵ یاوەری کۆتایی دەوڵەت دەکات.

گەر هیگڵیەت‌و هیگڵیەتی نوێ زانستی میژوویی بەدەوڵەت گرێ بدەن دانبەوە دەنرێ کە میژوو لەئایدیۆلۆجیا بەولاوە چیدی نییە. بەئەندازەی بەردەوامبوونی دروست بوونی دەوڵەت‌و پێکهاتنی بەتەواو نایەتەدی بەهۆی ئەو رووکەشیەی نێوان مەعریفەو عەقڵگەرایی کە دەوڵەت پیادەی دەکات‌و بۆیە میژووش تەنها توانای ئەوەی دەبێ سیاسەت پێشکەش بکات‌و نمایشکردنی ئەو سیاسەتەش بۆ ئەو کەسانە نییە کە بڕیاریان بەدەستە بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە ملکەچی بڕیارەکانن‌و دەکەونە ژێر کاریگەرییانەوە. ئەو ئەم لێکدڕییە حەشاردەدات‌و رۆڵی ئایدیۆلۆجیاش لێرەدا دەردەکەوێ.

9-لەدایکبوونی میژوو(لەفەرەنسا):

ڕەوشی میژوو وەك زانست ناتوانرێ بچوێنرێ بەرەوشی زانستێکی بەشبەش یاخود زانستێکی دی. سەرەتا وەك زانستێکی تایبەتمەند دەرکەوت‌و لەشێوەی فۆرمەلەی پەیڕەوکارییەکی (بەشبەش، جزئی) رووەو ئاسۆی تیۆری زانست بالاّ دەکات‌و دواجار حەز دەکات بۆ خۆی ببێتە زانستێکی گشتی‌و زانستی زانستەکان‌و جەمسەری مەعریفەو نموونەی مەعریفی بۆ نموونە لەبواری زمانەوانی یاخود ئابووری رامیاریدا

گوومانی تیا نییە میژوو بەسیفەتە گشتگیرییەکەی وەك زانستێکی گشتگیری (واقیع یاخود عەقڵگەرایی فیکری)و زانستێك بۆ سروشت‌و کۆمەڵ وبیر لەیەك کاتدا سەری هەڵدا. پاشان‌و تەنها دواتر کارە تایبەتمەندییەکانی لەرێگەی پێشبڕکێ یاخود یەکگرتن لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی تر گوازتەوە بۆ پایەی زانستێکی بەشی- جزئی- گەرچی پابەندی پەیڕەوکاری بوو بەلاّم خۆی پەیڕەوکاری گشتی‌و شۆڕش بوو. پاشان بەسیفەتی ئەوەی زانستێکی بەشیە هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ پەیڕەوکاری بچڕاند تەنها لەگەڵ پەیڕەوکاری پەروەردەیی‌و دەزگایی‌و راگەیاندندا نەبێ‌و ئەم کارە لە ئەڵمانیا لەگەڵ هیگڵ دا روون‌و ئاشکرایە بەلاّم ئاشکراییەکەی لە فەرەنساو سان سیمۆن کەمتر نییە. سان سیمۆن دواتر وەك کۆمەڵناس‌و دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسی پۆڵێن کراو ئەم بڕیارە ستەمکارانە بوو چوونکە سان سیمۆن میرانگری ئینسگلۆپیدسیتەکان بوو وپێشبینی ئەو وێناکارییە سەراپایی‌و گشتگیرە دەکات کە میژووی بەشێوەیەکی چڕوپڕ پێدەبەخشێ.

بە پۆلێنکردنی سان سیمۆن لەنێو زانیانی کۆمەڵناسی‌و تەنانەت بە پێشڕەوە کۆمەلاّیەتیەکانی تەکنۆکراتیەتی نوێ گەیشتنە رادەی لەبیرکردنەوەی داهێنانەکەی کە: لەبیرچوونەوەی چینەکان‌و ململانێی چینەکان بوو. ئەم نەوەیەی دەربەبگەکان وەك خۆی دەڵێ نەوەی کارولنجیەکانەو زانیاری لەمەڕ رووداوە کۆنەکان هەبوو. بەگوێرەی سەرچاوەی رووداوە دوایەکهاتووەکانی میژوو- حولیات. میژووی فەرەنسا لەمیان ململانێی درێژخایەنی نێوان هەردوو نەژادی گاڵۆڕۆمان‌و فرانکۆییەکاندا کوورتەدەکرێتەوە. سەبارەت ئەم تیۆرییە فەرمی‌و یان نیمچە فەرمیەی سایەی سیستمی کۆن مشتومڕێکی بێ کۆتا سەرهەڵئەدات. کێ شتی تازەی هێناو مەسەلەی ئازادی وروژاند؟ ئایا فرانکۆییەکان بوون کە لەدوای لەناوبردنی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی‌و سەرکووتکردنی دەوڵەت کە لەگەڵ هاتنیاندا سەرکەوتنی چینەکانیان راگەیاند؟ یاخود پێچەوانەی ئەوە ئەو گاڵۆ-رۆمانانە بوون کە یاسای نووسراویان لەمافی هەڵبژاردن‌و چەمکی پەیمان (مفهوم، العقد)و یاسا شارەوانیەکان‌و رێککەوتنامەی نێوان گوندو شارەکانیان لەگەڵ خۆیاند هێنا؟ سان سیمۆنی دەربەبەگ لەوەڵامی ئەم پرسیارە لایەنی (بەربەر) دەگرێت‌و هەروەها لەم رووەوە دەڵێ: ئەوە نەژادەکان نین کە سەدە گەلێکە دژ بەیەکتر دەجەنگن بەڵکو چینەکانن. میژووی فەرەنسا لەمیان ململانیشی نێوان ئەو چینانە دامەزراوە: دەربەبەگەکان لەلایەکەوە وەك میرانگرو سەرکەوتوو و لەلایەکی دی چینی

سێهەمی جوتیاران‌و بۆ رژواکان که لایەنگری گالۆ- رومان بوون. ئەم براوانەی جەنگ یاساو ئازادییان لەگەڵ خۆیاندا هێناو لەپاش شۆڕش (پەیمان) و ئەو پەیوەندییە گرێبەستیانانەیان هێنایەکا که لەسەر بنەمای خاوەندارێتی‌و پرۆژەی ئازاد دامەزرابوون. مارکس‌و ئەنجلز ئەم مەسەلەیەیان بە ئەو پەڕی پارێزییەوە قبووڵکردو لەروانگەیانەوە (بەربەرەکان) مەسەلەی چینایەتی لەناو چوویان ژیانەوەو تازەکاریان تیاکرد نەك لەبەر ئەوەی سەرۆکەکانیان بوونە دەرەبەگ بەڵکو لەبەر ئەوەی لەتوێی تایەفەو کۆمەڵگەلێکدا ژیانێکی سەرەتایی دەژیان.

سان سیمۆن شانبەشان بیرۆکەی ململانێی چینەکان وەك هێگڵ گشتێکی مێژوویی دادەنێ و پاشان ئۆگستین تیری دێت‌و مێژووی چینی سێهەم دەنووسێ. زانستە تایبەتمەندەکانی واقعی مرۆیی لە زانستی کۆمەڵناسی‌و مێژووی فەرەنساو شوێنانی دی لەمێژووی گشتگیرو هەڵوەشاندنەکانی لادەدات. سان سیمۆن لەبەرفراوانی وێناکارییەکانی هێگڵ نزیکدەکەوێتەوەو لەوانەی پێشکەشیان دەکات دووردەکەوێتەوە. دوونیابینی مێژوو لەفەرەنسا لەدەوڵەتەوە هەڵناقوولێ بەپێچەوانەوە بەڵکو رەخنەگرتنی دەگرێتەخۆو بەمەش سان سیمۆن مزگێنی بەمارکس دەدات‌و پەیوەندی بەرەوتی مەزنی بیری فەرەنسی دەکات‌و زانستی کۆمەڵناسی تێکەڵ بەمێژوویەك دادەهێنێ کە بەجۆرێك بێتە رەخنەی چەپرەوانەی کۆمەڵگەی بۆ رژوایی‌و سەرمایەداری.

10-مەرجەکانی مێژوگەری:-

لەپێناو بوونی مێژوو هەر دزەیەکی دیاریکراو هەڵگری واتایە، ئایا کۆکردنەوەی مەرجگەلێکی پێویست (گەر کاملیش نەبێ)و مەرجگەلێك بتوانرێ راڤەبکرێ بەهۆی چەمکگەلێکی وەرگیراو لەفەلسەفە بەڵام ملکەچنەبوو بۆ میتۆدێکی فەلسەفی پێویست نییە؟ کەوابوو لێرەدا مەبەستمان مەرجەکانی مێژوو نییە بەڵکو مەرجەکانی مێژووگەرییە.

أ-پێویستی خوودی (بکەر). ئەشێ ئەم چەمکە وەك شێوازێك لەو چەمکانە دەرکەوێ کە لەرێزبەندی فەلسەفی‌و سەرچاوە تیۆرییەکان جیادەبێتەوە بۆ ئەوەی واتایەکی دی ببەخشێ‌و لەرووی مێژووگەرییەوە واتایەکی دوولایەنە دەگرێتە خۆ: کارلێککەری‌و جەمسەر یاخود مەڵبەندی کار کە بەردەوامی لەمیان- مەعریفەو عەقڵ- دا هەیەو ووزەیەکی دەسپێشخەرە دەتوانێ ئامرازو هۆکارەکانی کار رووەو مەبەست ئاراستە بکات‌و پرۆژەو بەرنامەکان (تاکتیك‌و ستراتیجیەت) دابڕێژێ. ئەو رۆحە رەهایەی کە هیگڵ پێناسەی کرد ئەم دوو خەسڵەتە بەشێوەیەکی دەرکەوتوو لەخۆ دەگرێ:

سەرچاوەی کار، بکەر- عەقڵگەرایی‌و مەزەندەکاری. هەروەها مەسەلەکە لای هیگڵ دەوڵەتە کە بەرجەستەکاری زەمینی‌و کۆمەڵایەتی رۆح- بیرە-و لای مارکس چینەکە بەشێوەیەکی باشتر لەکۆمەڵ یاخود گروپێك یان گەل یان نەتەوەیەك دەست بەسەر ئەم ووزە چەندجار کراوەدا دەگرێ‌و بکەری مێژوویی لێدروست دەکات.

ئیتر لەو کاتەوە دابەش دەبێتەسەر سیستمی بڕیار وپاشان تاکتیك‌و ستراتیج‌و گوێڕایەڵی‌و خواستەکان، لەکوێ‌و کێ بەوە هەڵدەستێ؟

دەوڵەت؟ گریمانەیەکی قایلکەرە بۆ ئەوانەی کە خاوەن ئارەزووی رەزامەندین بەڵام دەوڵەت هەڵوەستە دەکات‌و خۆی وا دەردەخات بەدوایدا دەچێ‌و چاودێری دەکات. کێ (مرۆڤ)؟ وازی لێ بێنو قسەی لەسەر مەکەن. ئەی چینی کریکار؟ ئەوانیش بێ هیواییان چاند. مرۆڤ هەست دەکات پێویستی بەگەڕانە بەدوای خوود لە شوێنێکی دی. لای گەلانو نەتەوەکان؟ ئەوسا دەبنە خاوەن خود گەلێك‌و چەمکەکە لەناو دەچێ. بۆ لەبەر ئەوەی بیرمەندەکان رەخنەگرانە دەڕوانن؟ خوێندکاران لەبەرئەوەی لەدوای بیرمەندەکان رەخنەگرانە دەڕوانن؟ خوێندکاران لەبەر ئەوەی لەدوای رەخنە دەسبەکار دەبن؟ رەخنە لە جیهانی سێهەم لەبری وولاتە پیشەسازییەکان؟ ئەو بارستاییە مێژوویەی کە گرامشی مەزندەی کردو هاوپەیمانی ئەو چینی کرێکارەیەکە پێشەوایەتی دەکات‌و دەیخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە؟

مرۆڤ دەپرسێ ئەم بارستاییە (کتلە) بەچی دەبێتە خوودو بارستایی. بەچی دەبێتە میژووگەری کە بەشێوازێکی رامیارییانە دەستەبەر دەکرێ. هەموو ئەم گرێمانەو گرێمانە کاندیدکراوەکانیش دووچاری نسکۆبوون. ئاستەنگیەکانی- خوود- لەسۆنگەی میژوویەوە سەرهەڵدەدات‌و لەبەردەمیا نابێتە بەربەست. بەڵام گەر (خوود) هەڵات ئەوا نامۆیی لە گەڵیا هەڵدێو هاوکات نامۆیی- الاغتراب- ومیژووگەری‌و نامای کارو میژووش هەڵدە تەکێن‌و دواجار خوود پێویستە سەرلەنۆێ دووبارە بنیاتنرێتەوە؟ بەڵی. لەکوێ؟ چرن؟

ب-پێویستە بابەتێك هەبێت. نەك بابەتمەندی (بخرێتەسەر یاخود نەخرێ) بەڵکو ناوەرۆك یاخود ناوەرۆکگەلێك. بابەتێك لەپێناوی (خوود) بێت: بۆ نموونە داسەپاوی- حتمیە- یاخود داسەپاو گەلێك خوود دەیخاتەڕوو و بەگوێرەی ویست‌و خواستی خۆی ئاراستەی دەکات‌و دەیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ئەمە چی داسەپاوییەکە؟ ئابووری؟

لەوانەیە بەڵام ئایا ئێمە بەرەو ئاسۆی ئابووریگەری‌و بەرهەمگەری هەنگاو نانێن واتە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە زوو یان درەنگ ئەو کۆمەڵە رامیارییەی کە وەك- خوود- کاردەکات رەتیدەکاتەوە هەروەك لەیەکێتی سۆڤیەت رووبدا (رەوتێکی پێچەوانەی پێشبینیەکەی مارکسە؟). هیچ گرێمانەیەك ناتوانرێ دووربخرێتەوەو بەڵام هیچیشیان نە لەرابردوو نە لەئێستادا بابەتێکی دیاریکراوی دانسقەنین. خوود خۆی ڕاڕاو وپۆچ‌و نادیارە...

ج-لە کۆتاییدا پێویستە یادەوەری لەئارادابێ. یادەوەری لەرابردوودا واقیعی‌و کەموکوڕی هەبوو: تۆمارکردن‌و نووسینەکان بوون. ئەو یادەوەریە کەموکوڕە سەرەتا رێگەی بۆ داهێنانی یادەوەرییەکی باشتر چۆڵکرد کە ئەویش یادەوری میژوو نووس بوو. بەڵام ئەمڕۆ چی روو دەدات؟ یادەوەری (ژاکرە)چاك لەئارادایە گەرچی یادەوری میژوونووسی نییە. ئایا یادەوەری ژمێریار- حاسوب- دووبارەیی لەزەمەندا ناگۆڕێ؟ بێگومان. یادەوەری هەیە کاری کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی رابردوو دەگرێتە ئەستۆ بەبێ ئەوەی قورسایی بخاتەسەر میشکی مرۆیی. یادەوەری هەیە زەمەن رەت دەکاتەو لەخوود جیای دەکات‌و بێسوودی دەکات. ئاسەواری دەمێنی‌و لەو خوودەوە دەسپێدەکات کە دەبێتە بابەت‌و بوونێکی هەڵکەوتوو و هەڕەشەکار لەخۆ دەگرێ. یادەوەری رەها لەگەڵ میژووگەریدا ناگونجێ چوونکە جێگەی دەگرێتەوە. میژووی رەها لەدووایین سنووردا لەگەڵ زەمەن‌و روورداو و کردەوەو ستراتیجیەکاندا یەکدەگرێتەوەو لەیادەوەری رەها تۆمار دەکرێ. رەهای نوێی (تەکنەلۆجی) کرۆکی لەخۆگیراوی رێژەیی (ئەو یادەوەرییە رێژەییەی کە لەمیان نزیککاریە پێویستیەکانی مەعریفە بەدوای خۆیدا دەگەڕێ) دەڕووخێنی کە لەسەر بنەمای مەرج دامەزرابوو.

11-بنەماکانی میژووگەری:-

گوومانی تیا نییە مارکس میژووی بەشێوەیەکی تۆکمەو بوونیاتنەراتز دابەش کردەسەر کاتەکان‌و شانبەشان تیۆری شێوەکانی بەرهەمهێنان پێشکەشی کرد هەر لێرەشەوە ئاستەنگیەکان سەریان هەڵداو یاخود چاکترە بڵێین دەستیان پێکرد. ئەم شێوانەی بەرهەمهێنان کە لەڕووی چەمکەوە وێناکراون بەسیفەتی قەوارەو کۆمەڵبوونیان یەکتریان گرت، چۆن بیان لکێنینە پەیوەندیە بەردەوام گۆڕاوەکانی بەرهەمهێنان هەروەك سەبارەت رەوشە جیاوازەکەی‌و جیاواز لەڕووە لۆجیکیەکەی‌و پەیوەندیە خاوەندارێتیەکانی (لەمافی رووالەتی هێمادارو فۆرمەلەکراو بەشێوەیەکی رووڵەتی)؟ چۆن لەبەرهەمێکەوە بۆ بەرهەمێکی دی دەگوازرێتەوە؟

ئەو بیرەی کە جەخت ئەکاتەسەر بەکانگیری ناوەکی شێوەیەکی بەرهەمهێنان گوازتنەوە لە شێوەیەك بەرهەمهێنان بۆ شێوەیەکی دی تەماوی دەکات (بەرامبەر بەوەش جۆرێك لەپەیوەندی بێ بڕوایی دروست دەکات..) تێبینیەك هەیە کە هەرگیز زیادەڕۆیی لە پێویستی دووپاتکردنەوەی ناکەین ئەوەیەکە:

گەیەنراو جیا دەکاتەوەو جیاوەبوو دەگەیەنێ لەبۆتەی بزاڤێك لە قۆناغی پێشووەوە بەم قۆناغی پیشەسازییە تێدەپەڕێ‌و زیاد لەجارێك پەی بەم قۆناغانە دەبەین.

12-میژوو وەك سەرچاوەیەك:

میژوو تەنها رێزبەندی بۆ هەموو پێشنیارە خراوەڕووەکانی میان زەمەنێك‌و هەموو بلاوکردنەوەیەك‌و پێشوازیکردنی هەموو پەیامەکانی نەخستەڕوو.

ئەو دەیویست ببێتە سەرچاوەیەکی دیارو ئەم سەرچاوەیە پێشینەیەك بوو گەیاندن‌و پەیام‌و کۆکردنەوەی نیشانەکانی لەسەر تۆمار دەکرا. باسی لەخۆی دەکردو دەیویست لەبۆخۆی سیستمی سیستمەکان دابنێ (ئەم سیفەتە لای هیگڵ شانبەشان فەلسەفە دانرابوو) کەوابوو پێشینەیەکی رۆشن‌و رووناکراوەبوو بەشێکردنەوەیەکی قووڵتر لەشێکردنەوەکانی دی‌و بەنمایشکردنێکی بەرفراوانتر لەهەموو نووسینەکانی تر. لەسەرەتای سەدەی بیستەم سەرچاوەکان کەوتنە بانگەشەکردن بۆ شوێنی دەرك پێکراوو وێناکراو (شوێنی بینراوی باو)ی زەمەنی ژییەنراو لەهێڵی ئاسۆوە بەرەو هەماهەنگی- نسق-و لە شارەوە بۆ میژوو. سەبارەت بانگەشەی میژوو بەسیفەتی ئەوەی سەرچاوەیە نیمچە بێدەنگیەك کەوتە ئاراو لەراستیدا میژووی میژوونووسەکان هەوڵیان بۆ شاردنەوەی بارودۆخەکەدا لەرێگەی بێدەنك بوون لەسەر ئەم واقیعە میژوویە یەکلاکەرەوەیەی (کە لەراستیدا بێدەنگ بوو) لەپێناو مانەوەیدا. لەم خاڵەدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەستیاربوو بەتایبەتی بەهێرشی نێوان زمانەوانەکان کە پێیان وابوو پیشەگەری دەتوانێ واز لە سەرچاوەگەری- مرجعیە- دەرەکی بهێنێ‌و ئەرکی سەرچاوەگەری دەتوانرێ بەسیفەتی بەشی ناوەوەی زمان وێنا بکرێ‌و ئەم کارەش ئاستەنگەلێکی دی وەك (پەیوەندی دوابەدوای زمان بەزمان) دێنێتە ئارا. بانگەشەی میژوو وەك سیستمێکی سەرچاوەگەری ناتوانرێ بەبێ جێهێشتنی ئاسەوار لەسەر ئاکارو کلتور بمێنێتەوەو ئەوەش لەنێو زەمەندا دەکرێ لەو کاتەی کە میژووگەری دەبێتە کلتوری‌و گوتاری‌و گوتار ئامێز.

13-ئەفسانەیەکی رۆژئاوایی: پەلەیی میژوو:

خێرا رۆیشتنی میژوو ئەو ئاوێتە تەماوییەی ئایدولۆجیاو چەواشەکارییەیە کە کاژێرەکانی سەرکەوتنی دەناسێنێ. ئەو بەخێرایی دەیڕوانیە رەوتی ئەو گەندەڵیە ئایدیۆلۆجیەی کە لەهەڵبژاردەوە کەوتە نێو رۆژنامەگەری‌و لەوێشەوە رووبکردە زۆر بڵێیە برودمیەکانی سەرەك خێزان‌و رامیارەکان کە لەلایەن خۆیانەوە دەسبەرداری بوون. کۆماری لویس- فیلیب چیتر بانگەشەی خێراکردنی میژووی نەدا بەڵکو زیاتر خوازیاری هەڵوەستەپێکردنی شێوازە گۆڵاو ئاساکەی بوو. ئەم ئەفسانەیە چی حەشار دەدا؟ بڕوابوونی رەهاو دڵنیا بەگەیشتن بە ئامانجێك کە دەتوانرێ پێی بگات‌و لێنزیکبوونەوەی بەخێراییەکی لەرادەبەدەر. چی ئامانجێك؟ ئەفسانەکە باسی ناکات. ئەوی راستی بێت ئەرکی نیشاندانی رەنگ‌و راگەیاندنی دەکەوێتەسەر سەرکردەکان.

هەموو شتێك لەگۆڕاندا بوو، هەموو شتێك بێ ئەوەی بێتە مایەی وەڕزگارییەکی گەورەی خەڵکەکە کە بەرەزامەندی‌و نارەزامەندی لەشێوەی مانگادا گەلێکی قەڵەو یان ریوەڵە لەمیان میژووی خێرا تێپەڕبوو بەخۆشی ژیانیان دەبردە سەر. خۆشی ئەوەی مرۆڤ نەیەڵێ بێتە هاوسەردەمی خۆی و تەنانەت هاوسەردەمی ئەوەی بەجێی دەهێڵێت‌و خۆشی بەبەرەو پێشەوە چوون (کارکردن لەپێناو پێشخستنی میژوو). ئەوانەی کە بەمجۆرە خۆیان دەردەبڕی دەیانزانی خێراکردن ئامانجیان‌و رەوتی تایبەت بەخۆیانە. ستالین؟

پەلــە کــارێکی تــا رادەیــەك زیــادەڕۆ بــوو. هێتلــەر؟ خێراکەرێکی شێت بوو؟چەرچڵ؟ بانگەشەکاری میانڕەوی بوو کە دەبوو بکرایە.

گەر یەکێك لەوانە بیگووتایە: (هەموو شتێك بەرادەیەك وەها خێرا دەگۆڕێت کە کاتی خۆگونجاندن بەدەسەوە نامێنێ، پێویســتە خۆگونجانــدن بــەردەوام بــێو مەشــق کــردن دووبارەکرێتەوە، ئائەوەیە میژوو..) وەڵامیان دایەوە: (هەموو شتێکی گۆڕاو میژوو نییە. تەنانەت گــەر هــاتوو وا پێویســت کــرا بڕکــەو کەرتــەکانتان بگــونجێنو مەشــقەکانتان دووبارەبکەنەوەو هتد...

ئەم گۆڕانکارییانــەو راگوێزانکاریــەکان تێکــەڵ مەکــەن. بەووردی بڕوانن ئاخۆ ئــەو پەیوەندییــە کۆمەڵایەتیانــەی کــە پێیــان دەگــوترا پەیوەنــدی (گرێبەســتیەکان) گۆڕانکارییــان بەسەرا هاتووە؟ ئایا دەوڵەت ئاکام گۆڕا بۆ خواوەنــد؟ بــەڵام ئەوەی تایبەتە بە پەیوەندی نێــوان چــینەکان واقعێکــە مایــەی ستایشتێکی کەمتر بە بەراورد لــەگەڵ جیابوونە ئاسۆییەکانو بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بە گوێرەی رێکخستنە شاقولیەکان.

ئایا ئەم واقیعە نابێتە هــۆی زیــاتر مەترســیدارکردنی؟ ئــەم گۆڕانکارییانەی کە رەچاوی دەکەن بوونیادەکانی وەك خۆیان دەهێڵن، ئایا ئەمە حەقیقەتێکی بوونیادگەرانە نییە؟

بەپێچەوانەشەوە، گەر یەکێکیان پێی گووتن: (هیچ شتێك ناجوڵێتەوە، ئەوی شــتەکان دەردەخــات سروشــتی مرۆیــیو رۆحی مرۆیی و خۆڕاگری زەینیو کۆمەڵایەتیــەتی..) وەڵامــی بەنەوە: (بەڵام نەخێر، نەخێر! مەحاڵی بوونێك خۆی ئاشــکرا دەکــات بــەجۆرێك کــە ووشــە بــەکارهێنراوەکانی وەکــو (گواستنەوە)و (گۆڕان) سستو لاواز دەبن!).

14-میژووی هاوچەرخ:

پێناسەی ئەو دڵەڕاوکێیەی کە دەبێتە مایــەی گاڵتــەجاری میــژووی هاوچــەرخ لــەمیان زانســتی میــژووی فــەرمی دا دەناسینو ئــەم قۆناغــە لەســاڵی1789 دەســت پێــدەکات. میژوونووسی لەسەرەتای ئــەم بــەروارەوە تــەنها لــە رێگــەی سەرەپەنجەکانیەوە رۆدەچێتە توێی بوارەکەیو گۆڕەپــانی مــین رێژکراو هیچ زامنیەك‌و ئارامیەکی پــێ نابەخشــێو لــەهــەموو شوێنەکاندا بۆسەی رامیــاری نراوەتــەوەو باشــترین گۆڕەپــان لــەدەوروبــەری میــژووی ســەدەی هەژدەیەمــدا هەڵوەســتە دەکات.

چۆن میژووی هاوچــەرخ بەشــێوەیەکی بنــەڕەتی رامیــاری نەبێت؟ ئایا هەڵناسێ بە شیکردنەوەی ئەم لێکدژیــە نوێیــەی: رەتکردنــەوەی دەوڵــەت یــاخود لــەخاچــدانی دەوڵــەت؟ پێناسەکەی بەجۆرێك تەواو دەبێت بەمــەرجێك ئــەو تخــوبی سێهەمە (گەندەڵی دەوڵــەت) کــە مــارکس پێشــبینی نــەکرد وێنابکرێو ئەوانەش کە لێنگەلێکن هەرەشە لــە تۆکمەیی ئەو بوونیادە دەکەن کــە سیاســەتمەدارەکان کــار لــەســەر شــوێنە چاککراوەکەی دەکەن.

بیری مارکسی لــەمەڕ دەوڵــەت بەمجۆرە بریتییە لــەشــێوازی میژووی نزیك ســووڕاوە بــەدەوری میژووگــەری‌و هــەروەك هــیگڵ‌و مــارگس وایــان دەبینــی کــە لــەتوانادایــە بابــەتو پارادۆکسی بــەرفراوانی بیرێــك بخرێتــەڕوو لــەکاتێکــدا وەهــا دەردەکــەوێ لــەرووبــەکی دییــەوە بەرلــەهــەموو شــتێك زۆر لــەخۆی بکات بۆ خەریکبوون ســەبارەت بــە (زانســتگەرایی، علمیە) کە لــەخوێدا ئاڵۆزی دروست دەکات.

15-لــەمیژووی دەزگایی وڕلــەتوێی فەلســەفەدا):

هــیگڵ فەلســەفەی پاڵنایــە نێــو هەڵــدێری ســەپێنراو و هەڵــدێری ئــاوابوونو مــەرگ لــە رێگــەی رووخانــدنی خوودییەوەو گووتی ئەوە هاتە دەستو بەشــێوەیەکی گشــتی ئەنجام دراو بەناوی دەوڵەتەوە شێوەی فەرمی پێبەخشی‌و وەك خزمەتگوزاریــەکی گشــتی ئاشــکرای کــرد. فەیلەســووف نووسینگەی هەیەو بڕوانامەی هاوڵاتیبوون‌و رەوشت بەرزی‌و ژیــان دابونەریتــە چــاکەکان دەبەخشــێ، ئەمــە چــی گاڵتەجارییەکی میژووە.

وڵاتە سۆشیالیستەکان لەسایەی مارکس‌و لەرێگــەی هێنانەدی بەرنامــەی هــیگڵ فەلســەفەی خۆیــان دامەزرانــدو فەلســــەفەی فــــەرمی بــــەهای دراوی خــــۆی‌و فەلســــەفەی زەمەنەکانی وونکرد کە لەمیانیدا دەسەڵاتەگشتیەکان‌و ئایین‌و

دەوڵەت فەیلەسووفیان دەچەوساندەوە. گووتاری فەلسەفی بەهۆی ماهیەتەکەیەوە بووە دەزگاییەکی دیاریکراوو ئامانجەکانی تەنها بریتی بوو لە لێدانەکانی کاژێری دەوڵەت! لەفلاتونەوە کاژێری دیاریکراو بااڵنەدەی کات بۆ پیاهەڵدانو ستایشکردنی دەسەاڵت دەردەچێ. لەوواڵتە سەرمایەدارەکان بەپێچەوانەوە یەکانگیرییەکی کەمتر لەئارادایە وردێکەوتنی لیبرااڵ یەکبینە نییە بەاڵم دڵگیرەو حەز لە نێوەندگیری میراتو داخوازییەکانو بیری تیۆریو مەعریفەی زانستیو فەلسەفەی ڕەخنەیی (شانبەشان ڕەخنەی فەلسەفی)و فەلسەفەی دوورەوەخراو دەکاتو ڕێکەوتنەکە هەندێ جار گۆڕاوەو سەرکووتکارو مەراییکەرەو هەندێ جاریش پەراوێز بۆ ئازادییەکان جێدەهێڵێ. بەمجۆرە فەلسەفە ڕووەو ئایدلۆجیاتەکانی پێدرا ئایا لە سۆنگەی میژوو کارەکان بەرەو هەمان ئاراستە نارۆن؟ ئەو میژووەی کە هێگڵ بەشێوەیەکی تۆکمە بنیاتی نا زۆر خێرا بووە میژوویەکی دەزگایی. ومیژوو لەهەموو ئاستەکانیەوە چووە نێو بواری فێربوونو خێرا ئەو دەسەاڵتانەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن دەسەاڵتی ڕۆشنبیری ڕێگەکانی خوێندنی باڵوکردەوەو ئەزموونو تاقیکردنەوەو پلەوئمرەکانی دانا بەمجۆرە میژوو داڕێژراو بەچاودێرییەوە پاکتاوکرا. ئەوان خەمبارن چوونکە میژوو زانستی نییە بەڵکو(ئایکۆنیە، بتانەیە) (نیچە) واتە ئموونەییو گووتار ئامێزیشە. ئایا کارەکە دەبێ بەدەر لەوە لەچوارچێوەیەکی دەزگاییدا بێت؟ سەبارەت میژووی ژێر دەستەکراو تەنها لەسەر بنەمای کۆمەڵێك کردەوەی پاڵەوانی لەپێناو خزمەتکردنی پەیڕەو دیسپلینی) (نیشتمان، کار، خێزان) دادەمەزرێو لەپاش هەندێك الساەنگی– میتۆدی زانستی– دژ بەمێژووی ملکەچ ناچێتە نێو خەباتەوەو پتر لەوەش پەیوەندی پێوەکردو بووە پاساو هێنەرەوەی واتە بووە داپۆشەری ئایدیۆلۆجی–زانستیو دامەزرێنەری واقیعی گوازتنەوە بەشێوەیەکی تەندروست لە تێبینیە بەدیهیەکانەوە بەرەو دەرئەنجامەکانو داڕژتنی ڕووداو گەلێکی بێ هاوتا، بەاڵم چۆن! تەنها هەڵبژاردنی ڕووداوەکانو ڕاگەیاندنی بەڵگەنەویستیەکان؟ کێ گرووپەکان دروست دەکاتو لەسەر بنەمای چی پێودانگێك دایاندەمەزرێنێ؟ نیچە بەشێوەیەکی بنبەستو دەنگێکی بەهێز گووتی: ئاینی ڕابردوو خزمەتکارەو پێویستە خزمەت بکات چوونکە ئەو کەسانەی کە دەژینو کار دەکەن، بەدوای وانەکاندا دەگەڕێن. بەاڵم ئەوانە کێن؟ لەبەرژەوەندی کە لەپێناو چی ئامانجێك؟ نیچە ئەو میژووەی کە گوازرایەوە بۆکلتور تۆمارکرد لەبەرئەوەی نەیتوانی بگاتە ئاستی ئەو میژووە دەزگاییەی کە لە سەردەمی نیچە هێشتا لە سەرەتادابوو .پێویستە دوورتر بڕۆین و بە تایبە تی لەوە بگە ین لەپێناو چی نیچەییەتی خرایە الو خۆیشی شێوێنرا! بەناوی میژووی دەزگاییو بەبزووتنێکی سانای ئەم چوارچێوەیە زیاتر لەمیژوونووسێك خستنەڕووی هەندێك پرسیار ڕەتدەکەنەوەو بۆ ئموونە پرسیاری میژووگەری پرسیارێکی ڕەتکراوەیە؟ (با فەیلەسووفەکان گەر ڕەزامەندن گفتووگۆی لەبارەوە بکەن! لەروانگەمەوە کارێکی بێ بایەخە.



ئەی سەبارەت میژوو؟ شارەزاییم هەیە چوونکە ئەوە پیشەی منەو خۆم دروستی ئەکەم.

16–شۆڕشو میژووگەری:

بەگوێرەی دۆزی هیگڵو مارکسیانە ئەمانەی خوارەوە بەشێوەیەکی هاوکاتو بێ شایستەبوون بەجیاکردنەوەی لەئارادان:

1-پەیرەوکردنی میژووگەری داهێنەری میژووە چوونکە رەگەزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وسیاسی کۆدەکاتەوەو لەکاتی کۆکردنەوەیدا دەیگوازێتەوەو تیشك دەخاتەسەر رابردوو لەرێگەی گەڕانەوەو پاکتاوکردنیو رێگە بەتێگەیشتنو گەڕانەوەی ئەو شتانە دەدات کە دەگەڕێنەوەسەری.

2-پەیرەوکردنی شۆڕشگێرانە خاڵی گەیشتنو لووتکەی پەیرەوکردنی رامیاریەو دەستوبردە لە کۆکردنەوەو نوێکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کە لەروانگەی هیگڵ بەرەو دەوڵەتبوونی تەواو دەڕوات‌و لەروانگەی مارکس بەرەوکۆمەڵگەیەکی بەدەر لەچینەکان دەڕوات‌و لەروانگەی هەردوو فەیلەسووف بەرەو کۆتایی میژوو دەڕوات.

شۆڕشی فەرەنسی هەموو ئەوروپای هەژاند پاشان ناپلیۆن ئەم خواوەندە دووڕووە هات‌و بووەلایەنگری شۆڕش‌و بەدواداچوو و لەگۆڕنەرو ستەمکارو چەوسێنەرو پارێزگاری هەموو ئەوانەی کە سوودیان لەبارودۆخەکە بینی‌و قسەکەر بەناوی کەسانی چالاك‌و پیاوانی بانقەو گەنجینەکان بەڵام هەروەها بووە تێکشێنەری خاوەندارییە دەرەبەگیەکان‌و رزگارکەری کیشوەری ئەوروپا دژ بەئینگلتەرە کە خەریکبوو بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی‌و زامنکاری گوزاتنەوەی شۆڕشگێڕانەی شانشینی واتە گویزانەوە بۆ یەکەم چاکسازی کشتوکاڵی‌و هەروەها سەرنووسەری یاسای مەدەنی‌و چەندیی شتی تر بوو.

بەڵام سەبارەت پەیرەوکردنی میژووگەری چی رووید‌ا؟ گۆتە لەچوارچێوەی درامیانەدا بەرجەستەی کردو تەواوی کارەکەی بەقۆناغی شۆڕشگێڕانە گرێ دا. ئایا دەکرا فاوست (فاوستی دووەم بەشێوەیەکی رووتر لەفاوستی یەکەم) وێنابکرێ بەبێ ئەو بەرکەوتە دووبارەبووانەی بیری رەخنەیی‌و رەخنە لەرێگەی نیوەندگیری چەکەوە؟ رۆمانی پەروەردەیی بەبێ میژووگەری؟ گەر (کانت) بە مامۆستای ئاکاری شۆڕشی فەرەنسی دانرێ ئەوا هیگڵ فەیلەسووفی بوو هەروەك مارکس پێداگری و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە. ئەم ئەڵەمانییە(لەرووی بالاییبوون بەرەو زمان‌و چەمك)وێنای کاری فەرەنسییەکانی وەك رۆپسبیروناپلوینی دەکرد، هاوکات سان سیمۆن لەرێگەیەکی دییەوە گەیشتە هەمان بەرفراوانی وێناکردن‌و بەردەوامی سەیروڕەی ئاشکرا کرد.

ناپلیۆن

بەلزاك کۆتایی شۆرش لەبۆتەی وێنەگەلی رۆمان ئامێز هەر لەنشووست هێنان‌و دیسیپلین‌و ئەوگێرە شێوێنیە بەرجەستە دەکات کە ئەنجامەکانی یاسای لێدەکەوێتەوە.

بەڵام سەلبی چی دەگەیەنێ؟ لای گۆتە مفیستوفلیس‌و لای هیگڵ کرداری دەقی ئاماژە پێکراو وەك خۆی‌و لای بەلزاك فوترانە. باشە چیەگەر هێمای شۆڕش حەشاردراو یاخود هەڵکەوتووی دروستکەری رووداوەکان نەبێت؟ ئاماژە پێکراو بەشداری لەم کارە چەمکیە گەورەو ناچەمکیەو خەیاڵئامێزو واقیعی‌و درامی‌و پاشان رۆمانئامێزە دەکات. ئەو بریتیە لەمیژووگەری ناسراو بەشۆڕشی ناوەکی (شۆڕشی دیموکراسی بۆ رژوایی)و ئەو ووزە داهێنەرە لەنزیکەی دەوروبەری سەدەی نۆزدەیەم کۆتایی دێت‌و لەوێوە رەتکردنەوەی نیمچەییانەو دەروازە بەرفراوانەکانی میژوو دەست پێدەکات.

17-سەبارەت سەردەمە میژوورییەکان (میژوو وتاك، میژوو و رۆمان):

ئایا لەمیان سەردەمی میژوویی هەموو تاکێك و کۆمەڵێك هەست بەمیژوویەتی ناکات و حەزیش ناکات وابێت؟ میـژوو لەسەر سەرمانەوە رووندات بـەڵام هـەموان بەشـداری تیـا دەکەین؟ لەوانەیە مەسـەلەی مـەجازی (بەشـداریکردن) بـێ واتا بێت تەنها لەو کاتانە نەبێ کـە مـرۆڤ بەشـداری میـژوو دەکات یاخود رەتیدەکاتەوە.

لەسۆنگەی ئەو هەڵوێستەدا تاك دەبێتە خـاوەن میـژوو و خۆیشی دەبێتە میژوو. ئەو تەنها بەوردبوونەوە لەمیژوو قایل نابـێ بـەڵکو پرسـیاری ئـەو دەکـات ئـاخۆ بەشـێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەئاگایی یـاخود بـەبێ ئاگاییـەوە بەشداری تیادا کردووە.

بابیر لەوقۆناغی شۆڕشگێڕانەیە بکەینەوە کە لـە نزیکـەی (1750) (چرکەکانی رەخنە) دەستی پێکردو پاش سـەدەیەك واتە (1850) کۆتایی دێت کـە رەخنـە لەرێگـەی چـەکەوە ئەرکە کاتیەکەی تەواوکرد. هەروەها ئەو سـەردەمە قۆنـاغی گەورەی رۆمان بوو کـە وەك نموونەیـەکی رەسـەن چـیرۆکی تـاکی دەگێڕایـەوەو نموونـەی ئـەو چـیرۆکانەش: (سـاڵانی فێربوونی ویلیهیلم میستەر) بوو. بەڵام رۆمانـەکانی سـتاندال کە هەروەها چیرۆکی ژیانی بە تەواوی دەگێڕایەوە لەسـایەی ئەم گروپە یاخود چاکتر بووترێ ئەم سەردەمە پۆلین ناکرێ؟

سـیمای میـژووییدەگشـتێنرێ بـەڵام ئـەو سـیما پارادۆکسـیەی بەسـەرا زاڵ دەبـێ کـە لۆکـاش لـە تـوێی کتێبەکەیدا- تیۆری رۆمان- تیشکی دەخاتەسەر.

پاڵـەوان بـابلێین نابێتـە بـوونێکی تـاکی پارۆدۆکسـیانە بەرامبەر بەخۆیو خەڵکی چـونکە پـەیمانی پـەیمانی ئاینـدەی دراوەتێ. هەر لەمندااڵیەوە توانای ئاشکرا دەکـاتو بـەدوای خۆیدا دەگەڕێو لەنێوندی شوێنی لـەدایکبوون دەردەچـێو فێـری ئـەو شـتانە دەبـێ کـە هـۆزە بتچـینەییەکەی یـاخود خێزانەکەی ناتوانن فێری بکەن. ئەو بەردەوام لەچالاکیدایەو لەبەر ئەوەی پێدراوی خۆیو ملکەچی قەدەر نییـە میـژووی خـۆی بەرهـەم دەهێنـێ لەچوارچـێوەی میژوویـەکی گشـتی بەرجەستەکراو لـەمیان سەرکێشـیو وەهـمو درۆودەلەسـەو ئـەو چەواشـەکارییانەی کـە میـژوو هـەوڵی پاکتـاوکردنی دەداتو تاکیش لەرێگـەی ناسـاندنی رەسـەنایەتیەکەی پـەنا دەباتە بەر جەختکردنەوەی خوودی خۆی. ئەم تاکە جیاوازە لەباوکی لەگـەڵ ئـەوەش بـەرەو کـاملێو پێگەیشـتنی ئـەو هەنگاودەنێ. گوومان لەباوکایەتی ناکات و رەوشـی کەسـی باڵق و بەراییەکانی ژیانی ناخاتە بۆتەی پرسـیارکردنەوە. ئـەو لـەبارودۆخی منداڵیـەوە بەشـێوەیەکی تەندروسـت روو لـە کاملێو ئاسوودەییو گەشەسەندنی گشتی دەکات. ئەو وەك (دەسـپێکردنی رۆمـانووس) دەسـتبەدانانی هـێڵو نەخشـە گشتیەکانی میژووگەری لەسـەر ئاسـتی تـاك دەکـاتو وەك باڵقێـك پێگـەییووی جـۆرو کۆمەڵگـەو خـوودی مرۆیـی تێگەیشتراو لـەلایەن زەمەنی میژوویی دەنوێنێ هەروەك لاسایی باوکی دەکـاتو بـەدوای ئـەوو منـاڵی میژووشـدا دەچـێو لەرێگەی پێشکەشکردنی بەشداریەکانی لاسـایی دەکاتـەوەو میژووی تاکخوازانەی بەئاراسـتەی میـژوو دەڕواتو هـەموو ئاراستەکانیش پێکەوە دەڕۆن.



18-سەیروورە چیە؟

گـەر ئێمـە ئـەم پرسـیارە بەراشـکاوییەوە بکـەین (ئـەو پرسیارەی کـە ئایدیۆلۆجسـتیەکان رەتیدەکـەنو پرسـیارێکی قبوڵ نـەکراوە، چـوونکە ئایدیۆلۆجیەتـەکانیان دەهـەژێنێ)

خێرا کوودەتای نائاسایی رەوشی تیۆری ماوەی سەدەیەك دەبینین. لەروانگەی هیگڵو مارکس بەبێ هیچ ناڕەزاییەکی تـوانراو میـژوو بەشـێوەیەکی روون لەرێگـەی پێگەیشـتن (پێگەیشـتنی جـۆرو کۆمـەڵو بـیر) دیاریـدەکرێو بـەرەو کـاملبوون هـەنگاو دەنـێ. بـەمجۆرە میـژوو لەروانگەیانـەوە بەکۆتایی هاتنی دەستنیشان دەکـرێ: حاڵـەتی بـاڵقبوون بـۆ مرۆڤ وەك جۆر واتـە جـۆری مرۆیـیو جـۆری بـیرو جـۆری کۆمەڵگەو هتد.. تۆزقاڵێك گومان بەرامبەر ئـەوەی تایبەتـە بەپێگەیەنەرو بـەها بااڵکـەی نییـە وێـرای بـوونی سـیفەتێکی پەنهانی ئەم چەمکە کە هاوکات سیفەتی سروشتیو میـژوویی هەیە. پەیوەندی نێوان زەمەنی تاك‌و زەمەنی میژوویی پێویستە بەرەو ئاستی چەمك بەرزبێتەوە. دامەزرێنەرانی بیری میژوویی جیاکاریـان لـە نێوانیانـدا نـەدەکردو پێیـان وابـوو تێکـەڵ بەیـەکترینو لـەمیان یەکترییـەوە گونجانـدنێکی لەپێشـینەیان هەیە. جۆرو کۆمـەڵو بـیرو دەوڵـەت (لەروانگـەی هـیگڵ) وەکو تاك بەرەو ساتەبەرزەکان رێچکە دەگرنەبەر لەڕووی:

پێگەیشـتنو فامکردنـەوەو کـاملبوون. ئـەمڕۆ وەاڵمەکـە پێچەوانەیەو بەشێوەیەکی هەڕەمەکیە واتە وەك دەڕبڕینێك بـۆ ناکاملی. بوونی میژوو چۆن دەکرێ هەبێ گەر کاملبوون لە ئارادابێت؟ کاملبوون چییە؟ گەر کۆتایی ئەو بوونە نەبێ کـە میژووی هەبوو ولێی تەواو بوو و چاکەی بەسەرەوە بوو؟ ئەم وەاڵمە گاڵتە ئامێزە لەلایـەن نیچـەوە درکێنـراو ئـەو یەکـەم کەس بوو کە بۆیرانە ناکاملی مرۆڤ و کۆمەڵگەو کلتـووری راگەیاند وە هەروەها گووتی کارەکە بەمجۆرە باشەو هەروەها گریمانـەی کـرد: ئەشـێ رەگـەزی مرۆیـی رەگـەزێکی شکستخواردوو بـێ بەشـێوەیەکی کووشـندەو ئەوسـا دەبـێ تێپـەڕێنرێو دەسـەاڵت بەسـەریدا بسـەپێنرێو هەواڵـەی رابردوو بکرێتەوە. ئەم گریمانە نیمچەیی بەشێوەیەکی بۆیرانـە لەلایەن (گومبرد فیتـز)ی کەشـیش لـەتوێ تیـۆری نـاوبراو (نیوتینیك، neo-tenique بولك)و جۆرج لا باسادو رونیە لورو لەتوێی دەروونناسی کۆمەاڵیـەتی خرایـەوە روو بـەاڵم دووبـارە پارادۆکسـی ناکـاملبوونی چـی سـەر لـەنوێ سەرهەڵدایەوە؟ منالّیو هەرزەکاری دەبنە نموونە گـەل؟ گـەر قایل بین بەوەی کـاملّی (فامکردنـەوە-ژیـری) ئەفسـانەیەکی رووتە بەاڵم کاملّیەتی بێکاردانـەوە (مـردن) خـۆی لەسـەریا دەنوێنێو وێنای ناکاملّیـەکی دوولایەنـە دەکـات: لـەبوونی بوونێکی بێ کۆتاو بێ سنوورو ئایندەی بـێ سـنوورو ئـەرکی رەهـا- کۆتـایی لەناوبـەر مەسـەلەیەکی فەلسـەفی دێـرین سـەرهەڵئەداتەوە: بـەڵێ. گـەر لێـرە ماینـەوەو نـەخێر گـەر لەرێگـەی دوورکەوتنـەوە لەزیندووکردنـەوەی ئایـدیۆلۆجیا مانایەکی دیمان دۆزییەوە.

19-کەڵەکە بوون‌و میژووگەری:

ئایا دەتوانرێ میژوو بەو زانستگەراییە بەرفراوانە کەڵەکە بووە ببەسترێ کە بەسەردەمی نوێ کۆتایی دێت؟ ئایا دەتوانین بەرەو پێشەوە بچین تاکوو رادەی پێناسـەکردنی میژووگـەری بەم سەیرورەیە؟ بەدڵنیاییەوە.

ئەم مەسەلەیە لـەملاوالدا سـەرهەڵئەدات گەرچـی هـیچ کەسێك سیفەتی میتۆدییانەی پێنابەخشێ. دەتوانـێ پەیوەنـدی هەنـدێ لەمارکسـیەکان بەخۆیـەوەگرێ بـداتو پەیوەنـدی خۆیشـی بەمارکسـەوە رابگەیـەنێ. بەشـی هـەرەزۆری میژووگـەری کتێبـی- سـەرمایە- تایبەتـە بـە واتـای ووردو دیاریکراوی کەڵەکەبوونی بەرایی‌و دەتـوانین بگەڕێنـەوە بـۆ ئەم بەشەو بەرەو پێگەو پلەی تیۆری گشتی بەرزی بکەینـەوە لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی رۆڵی دەوڵەت لە کردارەکـە وەك رۆڵێکی رەنگاوڕەنگ بـەگوێرەی وواڵت‌و بەشـێوەیەکی زۆر زۆر بایەخـدارتر لەبەرچـاوگرتنی مەسـەلە کەڵەکـەبووە سۆشیالیستیەکان ئـەنجام بـدرێ و ئـەم کـارەش نـەك تـەنها بەرووالەت بەڵکو بەشێوەیەکی بەرجەستەکراو میژووگـەری دەگێڕێتـەوە. کـرداری کەڵەکـەبوون دەبێتـە ئـەو تـەوەرەی مەعریفـەی تایبەتمەندیـە نەتـەوەیی‌و ناوخۆییـەکان‌و شـێوە جۆراوجۆرەکـانی ئـەم کـرداره لـە، دەوروبـەری (زانسـتی دانیشتوان، کلتورو شارشتانیەتی مادی، شمەك، بەرهەمەکان‌و رێکخستنی بەرهەمهێنان‌و گۆڕانکارییەکانی بازاڕو هتد خـۆی رێکـەدەخات. ژمارەیـەکی زۆر لـەدیاردە ئـابووری‌و

ئایدیۆبۆجی‌و رامیاری‌و کۆمەڵایەتیەکان بە دەوروبەری ئەم تەوەرە مەڵبەندییە گرێ دەدرێن. ئایا بەر لەمێژوو دەتوانرێ بەشێوەیەکی روون وێنا بکرێ؟ زۆربەی کۆمەڵگەکان رێچکەی کەڵەکەبوونیان گرتەبەرو ووریایی خۆیان نواند بەرامبەر بە دەوڵەمەندی خاوەن بەرژەوەندییەکان لەرێگەی ناچارکردنیان بەخەرجکردنی ماڵەکانیان بۆ ستایشکردنی کارە داهێنەرانەکان‌و داموددەزگاو خۆپیشاندانە کاتی‌و بۆنەو جەژنەکان. ئەو کۆمەڵگانەی کە بە (بەراییەکان) ناوزەدکرابوون بەشێوەیەکی بێ ئاگایانە نارەزامەند بوون لەکەڵەکەبوونی ساتەکانی جەژن‌و جەنگ‌و بەفیڕۆدان. ماوەتەوە لەوە بگەین کە چۆن ئەوروپای رۆژئاوا کۆتایی بۆ ئەم کارە قەدەغەکراوە هەزار ساڵیە دانا؟ لەوانە بەدەستپێکردنی لەکەڵەکەبوونی مەعریفەو تەکنیککاریەکانی نێو شاری ئەغریقی‌و شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست؟ یاخود بەگیانێکی ئابووریانەی فرە کۆن‌و کاری ئاگاییانەو هەروەها نا ئاگاییانە؟ یان بەکاری کلتووری؟ پێویستە هەموو گرێمانەکان وێنا بکرێت یاخود کۆمەڵێك گرێمانەی دی پێشنیار بکرێت. مارکسیە فەرمیەکان بەرێبازێکی ئەزموونگەرییانە گەشەی هێزی بەرهەمهێنان لەبری سەنگی پێشکەوتن‌و عەقڵگەرایی دەگرنەبەر تەنانەت گەر نەشگەنە کۆتایی ئەو مەسەلەیەی کەسیفەتی فەرمی مارکس وەردەگرێ لەئاوێتە کردنی کەڵەکەبوون و مێژوو. لەسۆنگەی هەنگاونان بەرەو کۆتای ئەم مەسەلەیە کرداری دروستکردنەوە- تصنیع- بەئاوەژووکردنەوەو ئاوەژووکارییەکانی دووچاری رەوشێکی مێژوویی دەبێت لە:

روانینە هاودژەکان بۆ ئازادی‌و فراوانخوازی‌و دەوڵەمەندبوون‌و چێژبینی لەگەڵ ماکەبەراییەکانی زەمەنی سەرمایەداری بازرگانی وەك: چەتەگەری‌و گەڕان بە دوای زێڕو شانبەشان ئەنجامەکانی لە ئیمپریالیومیدا. ئایا ئەم کرداره بەردەوام نابێتە هۆکارێکی ورووژێنەری مێژوو و داهێنەری ئەو رووداوانەی کە ئاسەوار گەلێك بەجێدەهێڵن؟ ئایا ناپلیۆن پیاوی خەباتکەر تاکوو مردن دژ بەئینگلستانی (بەربەستی کێشوەر) نەبوو بە ئەندازەی ئەوەی کە پاڵەوانی خەبات تاکوو مردن دژ بە دەرەبەگ بێت؟ بەڵێ. بەڵام ئایا شۆڕشەکان دەکەونە سەر ئەستۆی ئەو کاولکارییەی کە دروستکردنەوە نوێی کردەوە؟ ئایا پێداگری لەسەر کەڵەکە بوونی سامانەکان بکەین یان کەڵەکە بوونی زانیاریەکان؟ ئایا ناگەینە خاڵی سەر زەنشتکردنی واقیع‌و بارودۆخی هەنووکەیی وولاتە پیشەسازییە گەورەکان؟ گرێمانەکە هەرگیز بێگەردو بێ بایەخ نەبوو ئایا ناچێتە بۆتەی ئیستراتیجیەتێك کە رەنگ و سیفەتێکی زانستی لەخۆ گرتبێ؟ چی ستراتیجیەتێك؟ وەلاّمدانەوەی ئاسانە. مەسەلەی گەشەی دەستنیشانەکراو کە ودەڵێ بەرهەم‌و بەرهەمداری دەتوانرێ وپێویستە لەسەریان بەبێ دەستنیشانکردن گەشە بکەن. ئەم مەسەلە بەروالەت زانستیە مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆجیەو هەروەك لەسەر هەمان شێوازی لیبرالی هەردوو سەدەی هەژدەیەم‌و نۆزدەیەم دەڕوات. لەخزمەتی کێدایە؟ وولاّتە هەرە دروستکەرەکان

خزمەتی ستراتیجیەکانیان دەکەن. وولاتە بێ هێزەکانو کەمتر پێشکەوتووەکان لەخولگەکانیان دەمێننەوەو هەمان ئەو ئامانجانەیان بۆ پێشنیار دەکەن کە لە گەیشتنیان رێگری دەکرێن.مەسەلەکە فریوبەرە بە ئەندازەی ئەوەی کەلەمیان دیاریکردنی گەشەو پێداویستیەکانو ئامانجە ئابووریەکان گوومانی کەمتر لەهاودژییەکەی ناکرێ بۆیە پێشوەخت دەبێ بەدوای رێگەی لیدوورکەوتنەوە بگەڕێین.

20-وەهمی میژوویی:

مارکسیەکان لە وەهما ژیانو خۆراکیان پێدەبەخشی. ئەوان لەبیریان چوو یاخود بێدەنگبوون بەرامبەر لاسەنگیو نەبوونی بڕوای تەواو سەبارەت تێڕوانینی مارکسی بۆ میژوو. لەدەوروبەری 1844-1845مارکس میژووگەری تێکەڵ بەرهەم دەکات بەواتا گشتیو فەلسەفیە ماوەکەی هیگڵ کە بریتییە لەبەرهەمهێنان بۆ خوودی خۆیو داهێنانی تایبەتی خۆی کە مارکسی لەدەسەلاتی خاوەندارێتیو خواوەندێتی بیرۆکە رزگاری کرد. لەم ریزبەندەوە ماددییەت میژوویی واتایەکی درەوشەدارو ناووردکار دەگرێتە خۆ و پاشان مارکس راڕادەبێ و مافەتایبەتیەکانی میژووگەری دەکێشێتەوە. رستەو دەستەواژەگەلێکی سەرنجڕاکێش دەس پێدەکات بە: (میژوو لەوە زیاتر...) و لە کارلێککەری مرۆڤی بەدواداچووی مەبەستەکانی زیاتر چیدی نییە. مرۆڤ بریتییە لە (کۆمەڵ، الحشد) لەمێژوو و بەمێژوو و لەسەر شانۆی میژوو کۆمەڵە کەسەکان تێکەڵ یەکدی دەبنو کار دەکەن. میژوو هیچ شتێك دروست ناکات. ئەو زیاتر ئەو مرۆڤی زیندوو و واقیعیەیە کە کار دەکاتو تێدەکۆشی (بڕوانە کتێبی خێزانی پیرۆز) بەڵام لەروانگەی کتێبی- ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی- میژوو بەتەنها بریتییە لەدوابەدوایەکهاتنی نەوەکان.. و دەبوو پابەندییەکی تەواوی بە ماددییەتی میژوویی هەبوایەو هەروەها لاسەنگە لەنێوان گشتگیرە پووچەکانو بەراوردکردن (نزیککردنەوەی ئەم و ئەو لە کۆمەڵگەکان یاخود سیستمە رامیاریەکان) یاخود ئەوان ئەوە رادەگەیەنن کە لەمیان سەیروڕەوە شتی نوێ دەردەکەوێو لەسۆنگەی ئەم تازەگەرییانەوە توانای بەهرە مرۆییەکان پەییان پێدەبرێو ئەمەش بەڵگەیەکی دووڕە رۆنییە بەراستی. ئایا ئەمە نزیك نییە لەوەی کە هیگڵ ووتوویەتی؟ و لەم حاڵەتەدا ماددییەتی میژوویی لە هیگڵیزم جیاواز نابێ تەنها لەوەدا نەبێ کە ئەو ئاوەژووی دەکاتو کۆتایی بووەکان رادەگەیەنێ، لە روانگەی هیگڵ میژوو دەسەلات بە دەوڵەت دەدا. کاتێکە پێداگری لەسەر کارو کرێکارو چینی کرێکار (نەك نەك بە سیفەتی ئەوەی هێزێکی سالبە بەڵکو وەك هێزێکی پۆزەتیڤی رامیاریو بەرهەمهێنان بەواتای وورد دەکات ئەوسا بە بەراورد لەگەڵ ئەم زانستە تایبەتمەندە بەدوای تاوتوێکردنی مێووە هەڵوەشاندنەوەی هێماکانی دەگەڕێن. لەبری داننان بە نەمانی بڕوایی رەهاو بەدواداچوونی بنیاتنانی تیۆرییەك بۆ میژوو یان لەبارەی میژوو زۆربەی مارکسیەکان کەوتنە نێو بڕواپێبوونەوە ولاسەنگیەکانی ماددییەتی مێژووییو لەناوچوو و لەرێگەی توێژاڵێکی فەلسەفی قەرەبوو وقایل کرا. ماددییەتی دیالیکتیکی بەسیفەتی ئەوەی کەسیستمێکی فەلسەفی بوو یاساکانی سەیروڕەوی داڕژت لەرێگەی جێگیربوون لەسەر سەیروڕەو لەنێو بااڵبوون- التعالی- (باڵابوونی دەزگای فەلسەفیو دەوڵەت) بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لۆجێکو گرفتەکانی (یەکانگیری گووتە)و بۆ پارادۆکسیزمی میژوو. ئەو کارەی کە هەموانی قایل دەکرد: خوودی دەسەلاتە سیاسیو دەزگاییەکانو فەیلەسووفەکان بوو و دەسەلاتەمتمانە دارەکانیان بەدوو جۆر پشتگیری لێدەکرا: وەهمی میژوویی (ئەو میژووی کە پشتگیریو پاڵپشتی پێدەبەخشین)و پشتگیری دەزگایی (ئەو دەسەلاتە رامیاریەی کە وەك سەنگی راستی بوونیاتنرابوو).

***تیبینی: بەشی یەکەمی کتێبی(کۆتایی میژوو) لەژێرناونیشانی"هیگڵو مارکس ونیمچە لەبارەی میژووە وە" بە دووبەش لە ژمارە (3-4)و(5-6)ی گۆڤاری ئایدیادا باڵاو مانکردووەتەوە. لەم ژمارەیەشدا پێشەکی کتێبەکەو بەشێکی بەشی دووم باڵاودەکەینەوە.**